# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۸۴

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۸۴ – ڕێبەندانی – فوریە ۲۰۲۶


**سەروتار**

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئەمریکا و مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕ

## تێکۆشان بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پێویستە بەردەوام بێت

دوای شەپۆلی بەهێزی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی خەڵکی ئێران کە ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا، بە بیانووی بانگەوازەکانی ڕەزا پەهلەوی، فەرمانەکانی ترامپ و ئیدیعای دەستێوەردانی دەزگای ئەمنی ئیسرائیل و بە ڕاگەیاندنی دۆخی جەنگی، بە دڕندەییەکی بێوێنە خەڵتانی خوێنی کرد، هێشتا خەڵک لە خەم و پەژارە و شۆکی ئەو جنایەتە دژەمرۆییە نەهاتوونەتە دەرەوە کە مەترسی شەڕێکی دیکە باڵی بەسەر ئاسمانی ئێران و ناوچەکەدا کێشاوە. دۆناڵد ترامپ لەو کاتەوەی کە فەرمانی بە نارازییان لە ئێران دەدا کە «لە مەیداندا بمێننەوە، هێرش بکەنە سەر ناوەندە حکوومییەکان، یارمەتی لە ڕێگادایە»، تا ئێستا لانیکەم دە کەشتیی جەنگی، لەوانە کەشتیگەلی فڕۆکەهەڵگر و کەشتییە پشتیوانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر کردووە و ئارایشێکی جەنگی بەخۆیەوە گرتووە. دوای میلیتاریزەکردنی ناوچەکە، وەزیری جەنگی ئەمریکا ڕایگەیاند کە «ئەرتەش ئامادەیە بۆ ئەوەی هەر بڕیارێک کە دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە ئێران بیدات، جێبەجێی بکات». یەکێتی ئەورووپاش لە هەمان کاتدا کە نیگەرانی ئاکامەکانی جەنگە، بەتایبەت لەسەر ڕێڕەوە گرنگەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز، بەڵام بە خستنە لیستی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، بە کردەوە هەنگاوی بۆ خۆشکردنی زەمینە و بەیاسایی کردنی هێرشی سەربازیی ئەمریکا هەڵهێناوە

دەوڵەتی ئەمریکا کە پەنجەی لەسەر ماشەی بۆ هەڵگیرسانی جەنگ داناوە، جارێکی دیکە جەختی لەسەر مەرجەکانی دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کردووەتەوە، لەوانە کۆتاییهێنان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە خاکی ئێراندا، گواستنەوەی ئۆرانیۆمی پیتێنراو بە ڕێژەی بەرز، سنووردارکردنی مووشەکە دوورهاوێژەکان و بڕینی یارمەتییەکان بۆ هێزە «نیابەتییەکان». دوای جینۆساید لە غەززە، ئاڵوگۆڕەکان لە لوبنان و



## با خەم و پەژارە و دەریای تووڕەییمان بکەینە کردەوەیەکی وشیارانە و ڕێکخراو بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە

## مەترسیی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرەوە و زەرووەرەتی ڕێکخستن لە خوارەوە



## با بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ ڕۆژاوا پەرەپێبدەین



## سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ڕاپەریو ناترسینی

## ووتاری ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهولم

## کۆماری ئیسلامی؛ تەقەلا بۆ «سازشێکی ئابڕوومەندانە» لەژێر گوشاری هەڕەشە جەنگییەکانی ئەمریکادا



## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

## ڕاپەرینەکەی مانگی بەفرانبار، کۆمەڵکوژیی خەڵک و وانەکان

دەستپێکردنی چەککردنی حیزبوڵڵا، هێنانەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی ئەلشەرع لە سووریا، لاوازکردنی حووسییەکان لە یەمەن، کۆنترۆڵکردن و مهارکردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دابینکردنی ئەم مەرجانەوە، ڕێک لە ئاراستەی ئەو نەزمە ئیمپریالیستییەدایە کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەبەستیانە. دەوڵەتی ئەمریکا کە لەژێر ناوی «یارمەتی لە ڕێگادایە» ناوچەکەی میلیتاریزە کردووە، دەیەوێت بە یارمەتی ژورنالیسمی بەکرێگیراو و کەمپەینی تەبلیغاتی، کێشانی ماشەی جەنگیش وەک هێرشێکی مرۆڤدۆستانە و یارمەتیدانی ناڕازییان بە بیروڕای گشتی نیشان بدات

بەڵام هەڵگیرسانی ئاگری جەنگێکی لەو چەشنە، کە بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران وەک سەڵتەنەتخوازان، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق و هەندێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە لە «ناوەندی دیالۆگ»دا کۆبوونەتەوە چرکەژمێری بۆ ڕوودانی دەکەن، سەرلەبەر لە زیانی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی ئێران و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکاندایە. وەک چۆن شەڕ لە لیبی و سووریە و شەڕی دوازدە ڕۆژە دەریانخست، هێرشی سەربازی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان پەراوێز دەخات، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەمنییەت لە بەرامبەر مەترسی بۆردومان و وێرانی و کوشتار و ئاوارەیی دەکاتە ئەولەوییەتی خەڵک و دەرفەت دەداتە هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم کە بە بیانووی دۆخی جەنگییەوە کەشی ئەمنییەتی و سەرکوت توندتر بکەنەوە و بۆ ڕاو و تیرۆری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەرنامەڕێژی بکەن

لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا لەژێر تیغی سەرکوتی ڕژیمی هاری کۆماری ئیسلامی و لەژێر گوشاری هەژاری و نەهامەتی ئابووری و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بە ڕێبەری ئەمریکا کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ چووەتە چاوی خەڵکەوە، کۆمەڵگای ئێران هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری، چوار ڕاپەڕین و ئاخێزی جەماوەری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بێوچانی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای ئەزموون کردووە. چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لەم ڕەوتەدا ڕەوایی (مەشروعیەت)ی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان تێکشکاندووە، قەیرانی دەسەڵاتەکەیان قوڵتر کردووەتەوە و پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییان بە پشت بەستن بە هێزی خەباتکارانەی خۆیان تا ئەم قۆناغە بەرەو پێش بردووە. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا سیاسەتی دەخالەتگەرانەی ئەمریکا نەک هەر یارمەتی بە بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری نەداوە، بەڵکوو لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بووە. بۆ نموونە، هاوکات لەگەڵ سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، هەژاری پێکهاتەیی یەکێک لە بەربەستەکانی سەر ڕێگای پێشڕەوی و پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە ئێران بووە، کە گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا توندتریان کردووەتەوە. بەکارهێنانی ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازەکان لەلایەن ئەمریکاوە وەک گوشارێک دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مامەڵە و سەودای ژێربەژێر، هەر وەک چۆن لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و ڕاپەڕینی سەرتاسەری ئەم دواییەدا جارێکی دیکە ئاشکرا بوو، بەتەواوی لەدژی بەرژەوەندییەکانی خەباتی خەڵکی ئێراندا بووە. شەڕی دوازدە ڕۆژە لە هەمان کاتدا کە دەرفەتی دا بە کۆماری ئیسلامی تا ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانی لە پشت خۆیەوە بەڕیز بکات، بە ئەمنییەتیکردنی کەشی کۆمەڵگا هەزاران کەسی دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کرد و بۆ ماوەیەک بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی تووشی وەستان کرد. هەڕەشە جەنگییەکانی ئەمریکا ئەگەر بێتە هۆی جەنگ، نەک هەر یارمەتییەک بە ناڕازییان ناکات، بەڵکوو یارمەتی بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە شێوە و قاڵبێکی دیکەدا دەدات. هێرشی سەربازی ئەمریکا دەتوانێت هەموو دەستکەوتەکانی خەباتی کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدەی خەڵکی ئێران، کە لە نەبەردی سەنگەر بە سەنگەر و بە بەهای ئەو خوێنانەی لەسەر شەقام ڕژاون بەدەست هاتوون، نابوود بکات

کۆی بەڵگەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەوڵەتی ئەمریکا لە نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی دڵخوازی خۆیدا، هێشتا پڕۆژەیەکی دیاریکراوی بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نییە و هەروا چاوی لە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ لەنێو خودی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا بڕیوە. ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە کە باڵێک لە حکوومەتی ئیسلامی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت کە هەم توانایی سازش و دابینکردنی مەرجەکانی ئەمریکای هەبێت و هەم توانایی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانیشی هەبێت. هێرشە سەربازییە ئەگەرییەکانی ئەمریکا هەرچەند ئامانجەکانیشی لەپێشەوە دیاری کرابن و ناوەندە سەربازی و ئەتۆمییەکان، بنکەی مووشەکە بالیستیکەکان و هەندێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات و مۆرەکانی ڕژیم بکاتە ئامانج، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ئاکامی ئاڵۆزی بەهۆی ئەم هێرشانە، دەوڵەتێکی سەربازی فاشیستی بە ڕێبەریی سپای پاسداران بە فەرمی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات بگرێتە دەست. حکوومەتی نیزامییەکان بە قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا، ئاگربەست و کۆتایی جەنگ ڕادەگەیەنێت، دەستی ڕۆحانیەت لە دەسەڵات کورت دەکاتەوە و بۆ جێگیرکردنی پێگەی سیاسیی خۆی درێژە بە سەرکوتی خوێناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لە ئێران دەدات

لەم ڕووەوە، هەروەک چۆن گەلێک جار جەختمان کردووەتەوە، شەڕ و ململانێی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی، مووشەکە بالیستیکە دوورهاوێژەکان و پشتیوانی لە هێزە «نیابەتییەکان»، هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی ئێران و ناوچەکەوە نییە. هەروەک چۆن ئەمریکا لە درێژە و لە ئاراستەی نەزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دڵخوازی خۆیدا ناوچەکەی میلیتاریزە کردووە و پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی جەنگ داناوە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش لە ئاراستەی ستراتیژیی مانەوەی خۆیدا سەدان ملیارد دۆلار لە سەرچاوەکانی سامانی کۆمەڵگا و بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانی بۆ پرۆژە و بەرنامە ئەتۆمییەکان، بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستیک و پڕچەککردن و تەیارکردنی هێزەکانی «میحوەری موقاوەمەت» خەرج کردووە، کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ چووەتە چاوی خەڵکی ئێرانەوە. جەنگ و ململانێی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل درێژەی سیاسەتەکانی تاکوو ئێستایە و لە هەردوو لاوە، جەنگ و ململانێیەکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیە. چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ ڕزگاربوون لە مەترسی پەرەسەندنی ئەم شەڕە، ڕێگایەکیان جگە لە پەرەپێدان و توندکردنەوەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، تێکۆشانی چڕوپڕتر بۆ ڕێکخراوکردنی ڕیزەکانی خۆیان و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێش نییە. تەنیا بە پێشڕەوی لە بواری ڕێکخراوبوون و دروستکردنی شۆراکان، کۆمیتەکان و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و ژیانە کە بە دەرکەوتنی نیشانەکانی بۆشایی دەسەڵات، ئەم دامەزراوانە توانایی ئەوەیان دەبێت کە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ئەستۆ بگرن

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی هەڕەشە جەنگییەکانی ئەمریکا و ئەم ململانێ و کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە، سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ ناڕەزایەتی دژی هەڕەشە جەنگییەکان و بۆ پەرەپێدان و چڕکردنەوەی خەبات لەپێناو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بانگهێشت دەکات و داوا لە چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەکات کە تێکۆشان بۆ پرسی ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری پەرە پێ بدەن. تەنیا بە پەلەکردن و توندکردنەوەی هەوڵ و خەبات بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە چەنگ ئەم ڕژیمە تاوانکارە ڕزگار بکرێن، هەوڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی و ڕاستڕەو بۆ ئەڵتەرناتیڤسازی لە سەرووی ئیرادەی جەماوەرەوە پووچەڵ بکرێتەوە و لە بەرامبەر نەزمی ناوچەیی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا ئاسۆیەکی ڕوون بخرێتە بەردەم کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروەها داوا لە هەموو مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە سەرانسەری جیهان دەکات کە لە پشتیوانی و هاوپشتی لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران، کوشتاری بە کۆمەڵ و ڕەشبگیری و لەسێدارەدانی ناڕازییان بە دەستی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن و دژی میلیتاریزم و هەڕەشە جەنگییەکانی ئەمریکا دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بەرزتر بکەنەوە

نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۱۰ی ڕێبەندانی ۱۴۰۴

۳۰ی ژانویەی ۲۰۲۶

***

# بنبەستی دەسەڵاتی ئیسلامی؛ ڕێکخستنی کوشتوبڕی بەکۆمەڵ وەک ڕەمزی مانەوە




ڕاپەڕینی سەرانسەری ئەم دواییە لە ئێران، ناکرێ تەنیا وەک کۆمەڵێک نارەزایەتی پەرشوبڵاو یان کاردانەوەیەکی کاتی بەرانبەر بە هەڵکشان و داکشانی بازاڕی دراو و گرانی لەڕادەبەدەری کاڵا پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و بڕیارەکانی دەوڵەت لەم بوارەدا چاو لێ بکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکان، زیندانەکان و کەشوهەوای زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەگوزەرێت، نیشانەی بنبەست و قەیرانێکی قوڵە لە پێکهاتەی ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ڕژیمی ئیسلامیدا. کوشتاری نارازییان و بەرزبوونەوەی بێوێنەی ژمارەی کوژراوان، برینداران و دەستبەسەرکراوان و ژمارەی زۆری منداڵان و بەساڵاچووان لەنێو قوربانییەکاندا، دەربڕی ئەوەیە کە دژایەتی و ناکۆکی خەڵک لەگەڵ دەزگای دەسەڵات گەیشتووەتە قۆناغێکی ئاشتیهەڵنەگر

بەپێی ڕاپۆرت و داتا پشتڕاستکراوەکان، تا ئێستا زیاتر لە ٥١٥٠ کەس لە نارازییان گیانیان بەخت کردووە کە ٦٠ کەسیان منداڵی خوار ١٨ ساڵ بوون، هەروەها ژمارەی ئەو کوژراوانەی کە دۆسیەکانیان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە زیاتر لە ١٧٠٠٠ کەسە. هاوکات زیاتر لە ٧٠٠٠ کەس بریندار و نزیکەی ٤١ هەزار کەسیش دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کراون. ئەم تاوانە دژە مرۆییە، بەشێکە لە سیاسەتی ئاگاهانەی ڕژیم بۆ بەرهەمهێنانەوەی ترس و پاسیڤکردنی کۆمەڵگا؛ سیاسەتێک کە بە هەڕەشەی ئێعدامی عەلەنی و نمایشی ئاشکرای هێز تەواو دەکرێت. ئەم ئەزموونە خوێناوی و تۆقێنەرە جارێکی دیکە دەریخست کە دەوڵەت، کاتێک مەشرووعییەتی سیاسیی خۆی بەتەواوی لەدەست دەدات، ناچار پەنا دەباتە بەر ستراتیژیی توندکردنەوەی سەرکوت و ڕێکخستنی کوشتوبڕی بەکۆمەڵ وەک ئامرازێک بۆ مانەوە. لە ئێراندا دەسەڵاتی ئیسلامی بریتییە لەپەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان سەرمایەداریی ڕانتی، بۆرۆکراسی سەربازی-ئەمنیەتی و ئایدیۆلۆژیای مەزهەبی. ئاوا تێکەڵەیەک، لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووری و داڕمانی مەشرووعییەتی سیاسیدا، تەنیا لە ڕێگەی زەبروزەنگ و توندوتیژییەوە دەتوانێت نەزمی مەوجوود بپارێزێت. کوشتاری نارازییان، سەرکوتی سەر شەقام، زیندان و هەڕەشەی مەرگ، کاردانەوەگەلێکی بەرگریکارانەن لە بەرانبەر ئەو کەلێنە قوڵەی لەنێوان دەسەڵات و زۆرینەی کۆمەڵگادا دروست بووە. کۆمەڵکوژیی هەزاران مرۆڤ، لە مێردمنداڵانەوە تا بەساڵاچووان، هەڵگری پەیامێکی سیاسییە. دەسەڵات هەوڵ دەدات بە نمایشکردنی بێباکانەی توندوتیژی، سنوورەکانی نارەزایەتی دیاری بکات و کۆمەڵگا بەرەو بێدەنگی و پاسیڤبوون پەلکێش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی مێژوویی نیشانی دەدات کە توندوتیژیی پێکهاتەیی، هەرچەندە لە کورتماوەدا دەتوانێت نارەزایەتی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لە درێژماوەدا تۆوی ڕادیکالیزەبوونی خەبات و قوڵبوونەوەی ئاگایی کۆمەڵایەتی دەچێنێت

لەم هەلومەرجەدا، تووڕەیی و نارەزایەتی خۆڕسک، هەرچەندە بزوێنەری هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەتەنیا توانای گۆڕانکاریی پایداری نییە. نارەزایەتی شەقام مافی سەرەتایی خەڵکی ئێرانە، بەڵام پێویستە نارەزایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو تەیار بکرێن. تۆڕە پەیوەستەکانی لاوانی پڕ جۆش وخرۆش و شۆڕشگێڕ لە گەڕەکی شارەکاندا بەو ئەزموون و لێهاتوویی و دەستپێشخەرییانەی کە لە خۆیانی نیشان دەدەن، پێویستە بە جۆرێک نارەزایەتییەکان تەیار و ڕێکخستن بکەن کە ڕێگە نەدەن هێزەکانی دوژمن هەر لە ساتەکانی سەرەتادا بیکەنە شەڕ و تێکهەڵچوونی سەر شەقام. یەکێکی دیکە لە پێداویستییەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، هاتنەمەیدانی چینی کرێکارە لە کارخانەکان، کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری بە مانگرتنی یەکگرتوو و سەرانسەری و بە تێکەڵکردنی خواستە ئابووری و سیاسییەکان، لەوانە خواستی کۆتاییهێنان بە سەرکوتی نارەزایەتییەکان، ئازادی سەرجەم دەستبەسەرکراوان و زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام

ئەم شەپۆلانەی ڕاپەڕینی جەماوەری کە دەستبەجێ بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرز دەبنەوە و پێکهاتەی دەسەڵات دەکەنە ئامانج، تەنیا بزووتنەوەیەکی "نەرێنی" (سلبی) نین بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی. جەماوەری ڕاپەڕیو دژی هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، دژی نادادپەروەرییەکان، بێبەشییەکان و هەڵاواردنگەلێک پێیان ناوەتە مەیدانی نارەزایەتی و خەباتەوە کە ڕەگیان لە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی ئێراندایە. بەم پێیە، ئەم بزووتنەوەیە نەک تەنیا ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەبەردەمدایە، بەڵکوو بەپێی ماهییەتی خواستەکانی، بزووتنەوەیەکی دژە سەرمایەدارییە. خەڵک بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران، بە دروست، چاویان بڕیوەتە ئەو ئیمکاناتەی کە لە ئێراندا بوونیان هەیە. کەواتە کرێکاران و جەماوەری خەڵک بەو ڕوونییەی کە دەزانن چییان ناوێت، پێویست و زەرووره کە بزانن چییان دەوێت. لەم ڕووەوە دەبێ وێنەیەکی ڕوون لەو حکوومەتەی کە دوای کۆماری ئیسلامی دێتە سەر کار، ببرێتە نێو خەڵکەوە. بۆیە دەبێ ئاسۆی سۆسیالیستی، ئاسۆی حکومەتی شورای کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکان و شورا جەماوەرییەکان لە بەرانبەر ئەم بزووتنەوەیەدا دابنرێت. دەبێ هەوڵ بدرێت دروشمگەلێکی وەک "نان، کار، ئازادی - ئیدارەی شورایی"، "ئازادی، یەکسانی - ئیدارەی شورایی" کە لەلایەن نارازییانەوە لەم ڕاپەڕینە جەماوەرییانەدا بەرز کراونەتەوە، بە کەمپەینی سیاسی-تەبلیغی تا دەکرێت جەماوەریتر بکرێنەوە. دەبێ شرۆڤەیەکی ڕوون لەم دروشمانە و مانای ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی و ئیدارەی شورایی ببەینە نێو جەماوەری خەڵکەوە

دەبێ لێبڕاوانە و بێوچان، سەبارەت بە مەترسی پڕۆژە ئیمپریالیستییەکانی ڕژیم چەینج و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە بان سەری خەڵکەوە هۆشداری بدرێت و هەڵوێست و ستراتیژیی سیاسی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران بۆ بەلاڕێدابردن و بە شکستکێشانی ئەم بزووتنەوەیە، بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە. ڕەوتی فاشیستی سەڵتەنەتخواز بە ڕابەرایەتی ڕەزا پەهلەوی کە لەلایەن کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی بی بی سی، ئێران ئینتەرناشناڵ و مەنوتۆ-وە پشتیوانی دەکرێن، ئەگەرچی هیچ شانسێکیان نییە بۆ خزانە نێو دەسەڵات لە قۆناغی پاش کۆماری ئیسلامی، بەڵام لەبەر ئەوەی وەک کارتی گوشارێکی کۆنترۆڵکراو لە دەستی ئەمریکا و زلهێزە ڕۆژئاواییەکان دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دەهێنرێن، خاوەنی پۆتێنسیەڵێکی بەرزن بۆ زەبروەشاندن لە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک. هەروەک چۆن لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ئەم دواییەدا، بانگەوازەکانی ڕەزا پەهلەوی لە پاڵ فەرمانەکانی ترامپ و هەڕەشەکانی ئیسرائیل، بوونە دەستاوێز و بیانوویەک بە دەست کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ڕاگەیاندنی دۆخی جەنگی و کوشتاری هەزاران نارازی

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

alternative-shorai.tv


# با خەم و پەژارە و دەریای تووڕەییمان بکەینە کردەوەیەکی وشیارانە و ڕێکخراو بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە

ڕەهەندە سامناکەکانی کوشتاری ناڕازییانی ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤،کۆمەڵگای خستووەتە دۆخێکی لێواولێو لەخەمو پەژارەوتووڕەیی.ئەم هەستە دوولایەنە، کاردانەوەیەکی مرۆڤانە و مەنتقییە لە ئاست تاوانێکی ڕێکخراو و ئاشکرا کە دەسەڵاتی سەرمایەداریی ئیسلامی بۆ پاراستنی دەسەڵات و مانەوەی خۆی بەکاری هێناوە. مرۆڤێک کە لەژێر باری گرانی، چەوساندنەوە، ستەم و هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکان و سەرکوت و سووکایەتیدایە، نەک هەر تووڕەیە، بەڵکوو دەربڕینی ئەو تووڕەییە پەنگخواردووەش بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت. بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم خەم و تووڕەییە چۆن دەتوانێت ببێتە هێزێکی ئاگاهانە، ڕێکخراو، هەڵمەتبەر و ڕزگاریبەخش

یەکەم هەنگاو، تێگەیشتنە لە دۆخی هەنووکەیی. کۆمەڵگایەک کە ڕووبەڕووی کوشتاری سەر شەقام، بێسەروشوێنکردن، دانپێدانانی زۆرەملێ، لەسێدارەدان و هەڕەشە و سووکایەتیی سیستماتیک بە بنەماڵەی گیانبەختکردووان بووەتەوە، بۆ دەرخستنی وشیارانە و ڕێکخراوی تووڕەییە پەنگخواردووەکەی، پێویستی بە کاتە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وەک دەوڵەتێکی هاری سەرمایەداری بە ئایدۆلۆژی ئیسلامییەوە، سەرجەم ئامرازەکانی زەبروزەنگی قۆرخ کردووە و هەرووەک سەلماندوویەتی، بۆ پاراستنی نەزمی چینایەتی مەوجوود، لە هیچ ئاستێک لە توندوتیژی دژی ناڕازییان درێغی ناکات. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەک هەر ئەم واقعییەتە قبووڵ دەکەن، بەڵکوو لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و چینایەتیدا شیکردنەوەی بۆ دەکەن. بەڵام تووشبوونی کۆمەڵگا بە شۆک و سەرسووڕمان و تووڕەیی قووڵ لە ئاکامی کوشتاری سامناکی ناڕازییانەوە، بە مانای تەسلیمبوون نییە؛ بەڵکوو مەرجێکی پێویستە بۆ تێپەڕینێکی ئاگایانە لە دۆخی مەوجود

یەکێک لە کارکردە سەرەکییەکانی سەرکوتی دەسەڵات، ئاساییکردنەوەی مەرگ و کوشتنە. دەسەڵات بە گۆڕینی گیانی مرۆڤ بۆ ژمارە، ئامار یان "تێچووی لاوەکی"، هەوڵ دەدات هەم کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و هەم هەر چەشنە خەباتێک دژی پەیوەندییە زاڵەکان و بارودۆخی ئێستا بێئیعتیبار بکات. لە بەرامبەر ئەم لۆژیکەدا، تێڕوانینی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست، بەتایبەت بە گرێدانەوە بە ئەزموونی کۆمۆنی پاریس، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مێژووی خەباتی دژە-فاشیزم، هەمیشە جەختی لەسەر بەهای بێوێنەی گیانی مرۆڤ کردووەتەوە. گیانبەختکردووانی ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییە، مرۆڤی تێکۆشەر و خەباتگێڕ بوون بۆ ژیانێکی شیاو و بەختەوەر. درێژەدان بە ڕێگای ئەوان، نەک لە سۆنگەی ڕۆمانتیزەکردنی مەرگ، بەڵکوو لە پێگەی بەرگری لە ژیانەوە واتای هەیە. وەفاداری بە ئامانجی گیانبەختکردووان، پێویستی بە بونیادنانی ڕێگایەکە کە بە ڕزگاری بەکۆمەڵ کۆتایی بێت، نەک بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چەرخەی کوشتار

یەکێک لە هۆکارەکانی دڵساردی و نائومێدی دوای سەرکوت، داڕمانی ئەو هیوا ساختانەیە کە نەک لە دڵی خەباتی



سەنگەر بە سەنگەر و ڕێکخستنی ئیرادەی هاوبەش، بەڵکوو لە بەڵێنی هێزەکانی وەک سەلتەنەتخوازانی فاشیست یان کەسایەتییە بێئابڕووەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئومێدیان بە هێرشی ئەمریکا بەستبوو. ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە ئەگەر ستراتیژیی ئەم هێزانە کۆمەڵگا بەرەو قەیران و لێکهەڵوەشان دەبات، ئەوا لە کورتخایەنیشدا «هیوا بەخشینی»ـ ئەم هێزانە، نەک تەنیا لە ئاراستەی بەرژەوەندی خەڵکدا نییە و یارمەتییەک بە بزووتنەوەکە ناکات، بەڵکوو دوای شکست، بەشگەلێک لە خەڵک زیاتر بەرەو بێهیوایی و نائومێدی دەبات

ئەو ڕەوتانەی کە بە پشتبەستن بە دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، هەڕەشەی سەربازی دەوڵەتانی دەرەکی یان کەسایەتییە دەسەڵاتخوازەکان، خەڵکیان بۆ مانەوە لە شەقام و هێرش بۆ سەر ناوەندە حکوومەتییەکان هان دەدا، بە کردەوە بەرپرسیارێتی سیاسی ئەنجامی ئەم بانگەوازانەیان لە ئەستۆ نەگرت. هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە ئاشکراکردنی ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ستراتیژی، سیاسەت و تاکتیکەکانی ئەم بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هەمیشە جەختیان لەسەر زەروورەتی ئامادەکردنی "پێداویستییەکانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی" لەسەر بەستێنی درێژەدان بە نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان و پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە کۆمەڵگا و لە ڕێگەی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرانسەرییەوە کردووەتەوە. لە هەلومەرجی ئێستادا، بڕینی هیوا بە ستراتیژی و پرۆژەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، بەتایبەت فاشیستە سەڵتەنەتتەڵەبەکان کە هیواخواز و چاوەڕوانی دەستێوەردانی ئەمریکان، مەرجی سەرەکییە بۆ بونیادنانەوەی ئیرادەی بەکۆمەڵ و سەربەخۆ

هیچ سەرکوتێک بەبێ گێڕانەوە و ڕەوایەتی زاڵ دوام ناهێنێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو تاوانەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامی داوە، ڕاپەڕینی جەماوەری بۆ ئاستی «شەڕ و پیلانگێڕیی دوژمنانی دەرەکی» دادەبەزێنێت. ئەم ڕەوایەتە، نەک تەنیا بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی هێزی سەرکوت، بەڵکوو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ سیستمی جیهانیی سەرمایە بەرهەم دەهێنرێت. هەرچەشنە دەستێوەردانێکی سەربازیی دەوڵەتانی دەرەکی، تەنانەت ئەگەر لەژێر پەردەی «پشتیوانی و دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە»شدا بێت، بە کردەوە یارمەتی بە بەهێزکردنی هەر ئەم گوتارە دەدات. ئەرکی هێزە شۆڕشگێڕەکان، بێئیعتیبارکردنی ڕیشەیی ئەم ڕەوایەتەیە. ڕاپەڕینی خەڵکی بێچەک دژی ڕژیمێکی هار و پڕچەک، تەنانەت ئەگەر لە قۆناغێکیشدا لەلایەن دژە-شۆڕشی سەڵتەنەتخوازەوە بەلاڕێدا چووبێت، پیلانی دوژمنی دەرەکی نییە، بەڵکوو خەباتی چینایەتییە لە ئاشکراترین شێوەی خۆیدا. هیچ هێزێکی ئیمپریالیستی، بەهۆی ماهییەتی چینایەتیی خۆیەوە، ناتوانێت هەڵگری ڕزگاری بێت

بێگومان دڵساردی و بێهیوایی بەهۆی کوشتاری بەکۆمەڵی ناڕازییان، نەک کۆتایی خەبات، بەڵکوو ساتەوەختێکە کە زەروورەتی پێداچوونەوە، بونیادنانەوە و ڕێکخستن ئاشکراتر دەکات. سۆسیالیستەکان بە گرێدانی شرۆڤەی ماددییانەی دەسەڵات لەگەڵ هەستی قووڵیان بەرانبەر ئازاری خەڵک، ئاسۆیەکی وەها دەخەنە ڕوو کە تێیدا تووڕەیی، هۆشیاری و هاوپشتی لەگەڵ دیدگایەکی ڕووندا، دەبنە هێزێکی مێژوویی.ڕێگای ڕزگاری نە کورتە و نە ئاسان، بەڵکوو تەنها لەناو جەرگەی سەربەخۆیی سیاسی لە هەموو هێزە بۆرژواکان، ڕەخنەی بێ ئەمان لە وەهمی دەستێوەردانی هێزە ئیمپریالیستەکان و لە ناخی ڕێکخستنی چینایەتییەوە تێدەپەڕێت. خوێنی گیانبەختکردووان نەک بۆسات و سەودای سیاسی، بەڵکوو بۆ بنیاتنانی جیهانێکی دوور لە چەوسانەوە و سەرکوت ڕژاوە؛ جیهانێک کە تەنها بە کردەوەی هۆشیارانە و ڕێکخراوی کرێکاران و جەماوەری چەوساوە دێتە دی

❋❋❋

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# سپای پاسدارانی ڕژێمی ئیسلامی دوای ٤٧ ساڵ تێرۆر و کوشتار خرایە نێو لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی یەکێتیی ئورووپاوە

لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بەدوای شەپۆلی نوێی ڕاپەڕینی جەماوەری کە لە حەوتی بەفرانبارەوە دەستی پێکرد و ئەو جنایەت و کۆمەڵکوژییەی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار ئەنجامی دا، لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە تەنگانە و ئاستەنگەوە، سپای پاسداران واتە گەورەترین دەزگای سەرکوت و جنایەتی ئەم ڕژیمە، لەلایەن یەکێتیی ئورووپاوە خرایە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی ڕێبەندان، نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا بە




دەرکردنی بڕیارنامەیەک و بە ٥٦٢ دەنگی بەڵێ لە بەرانبەر تەنیا ٩ دەنگی نەخێر، داوایان لە ئەنجومەنی یەکێتیی ئورووپا کرد کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بخاتە نێو لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی خۆیەوە. بەدوای ئەوەدا ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی ڕێبەندان وەزیرانی دەرەوەی ٢٧ وڵاتی ئەم یەکێتییە لە بڕۆکسێل، بە کۆدەنگی و تێکڕای دەنگ، سپای پاسدارانیان خستە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی جیهانەوە. هەڵبەت لە بڕیارنامەی نوێنەرانی پارلمانی ئورووپادا، وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، کوشتار و ئێعدامی هەزاران کەس و دەسبەسەرکردنی دەیان هەزار کەس لە جەماوەری ناڕازی لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە مەحکووم کرا و خوازیاری ڕاگرتنی ئێعدامەکان و ئازادیی بێ مەرجی هەموو دەسبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکان بوون

لە ڕەوتی ئاخێزی سەرانسەریی ئەم دواییەی جەماوەردا، کە تەنیا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە هەڵاوسان و گرانی، هەژاری و برسیەتی، هەڵاواردن و نایەکسانییەکان ڕژابوونە سەر شەقامەکان، لەلایەن دەزگای سەرکوتی حکوومەتی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە، بەرەوڕووی کوشتار و کۆمەڵکوژی بوونەوە. ئەم جنایەتە ئەوەندە سامناک و بەرین بوو کە سەرەڕای پچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە ئێران، زۆر بە خێرایی دەنگدانەوەی جیهانی پەیدا کرد و ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی شەپۆلێکی تازە لە نەفرەت و بێزاریی گشتی لە ئاستی جیهاندا کردەوە. بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژ بەم جنایەتەی ڕژیمی ئیسلامی، دەیان هەزار کەس لە وڵاتانی ئورووپایی دەستیان دایە خۆپێشاندان و ڕێپێوان کە هێشتاش بەردەوامە. گوشاری بیروڕای گشتی، دەوڵەتانی یەکێتیی ئورووپای ناچار بە کاردانەوە کرد و لە هەنگاوێکدا سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییان خستە لیستی تێرۆری خۆیانەوە. هەڵبەت بە وتەی کاربەدەستانی ئەم یەکێتییە، بنبەست و بێئاکام مانەوەی وتووێژەکانی پێشوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هاوکاریی ڕژیم لەگەڵ ڕووسیا لە شەڕی ئۆکراین و کردەوە تێرۆریستییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی ڕژیمی ئیسلامی لە ئورووپا، کاریگەرییان لەسەر بڕیاری ئەم دەوڵەتانە هەبووە

"کایا کالاس"، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئورووپا، ڕۆژی پێنجشەممە و دوای خستنەلیستی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: "ئێمە بە سەرنجدان بە ڕەفتارە تێرۆریستییەکان، سپای پاسدارانمان لە ڕیز و ڕادەی تۆڕی ئەلقاعیدە و داعش داناوە. پەیامی ئێمە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە سەرکوتی خەڵک بێ وەڵام نامێنێتەوە و تێچووی دەبێت". یەکێتیی ئورووپا هەر ئەو ڕۆژە پاکێجێکی گەمارۆی دیکەی پەسەند کرد کە بریتی بوو لە سزادانی ٦ دامەزراوە و ١٥ کەسایەتی لەوانە وەزیری ناوخۆ، داواکاری گشتی و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سپا و ئەرتەش بەهۆی بەشداریکردن لە کۆمەڵکوژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

لەگەڵ ئەوەشدا، کالاس ئەگەری وتووێژ و سازش و سات و سەودای لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە دوور نەزانی و ڕایگەیاند کە ئەمە بە واتای پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان نییە. جێی ئاماژەیە کە پێش یەکێتیی ئورووپا، ژمارەیەک دەوڵەتی دیکە لەوانە ئەمریکا، هێند، کەنەدا، ئوستralیا، سوید، عەرەبستانی سعوودی و بەحرەین، سپای پاسدارانیان خستبووە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی خۆیانەوە

بەڵام لە کاردانەوە بەم هەنگاوەی یەکێتیی ئورووپا، عەباس عێراقچی لە پەیامێکدا هەڕەشەی لە دەوڵەتانی ئەم یەکێتییە کرد کە: "لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی گشتگیر لە ناوچەکەدا، ئورووپا خۆی بە شێوەیەکی بەربڵاو تووشی ئاکامەکانی دەبێت". خستنەلیستی سپای پاسداران لەلایەن یەکێتیی ئورووپاوە لە کاتێکدایە کە سێ زلهێزی ئورووپایی ئەندامی بەرجام لە مانگی ڕەزبەری ڕابردوودا بە کاراکردنەوەی "میکانیزمی ماشە"، هەموو گەمارۆ هەڵوەشاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دژ بە کۆماری ئیسلامی گەڕاندەوە. بەڵام خستنەلیستی سپای پاسداران کە زیاتر لە ٧٠٪ی ئابووریی ئێرانی قۆرخ کردووە؛ دەستی لە کڕین و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکاندا هەیە؛ بەرپرسی دروستکردن و پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامییە و ناوەندی ڕێبەرییەکەی بڕیاردەری سەرەکییە لە داڕشتنی سیاسەتە ستراتیژییەکان و ئیدارەکردنی حکوومەتی ئیسلامیدا، بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەربەیەکی سیاسیی گەورەی نێونەتەوەییە و لێکەوتەی زۆری بەدواوە دەبێت. بەم کارە لەمەودوا سپای پاسداران وەک ماشێنی جەنگ و کوشتاری کۆماری ئیسلامی لە ڕیزی داعش، حیزبوڵڵا، حەشدی شەعبی و ئەوانی تر دادەنرێت و هەمان یاساکانیان بەسەردا دەسەپێت

لە ئاکامەکانی خستنی سپای پاسداران لە نێو لیستی تێرۆری یەکێتیی ئورووپا، دەتوانین ئاماژە بەم چەند نموونەیە بکەین: دەستبەسەرداگرتن و بلۆکەکرنی دارایی و سەرچاوە ماڵییەکانی سپا و کۆمپانیا و دامەزراوە وابەستەکانی؛ قەدەغەکردنی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی بانکەکان و کۆمپانیاکان و دەوڵەتانی یەکێتیی ئورووپا لەگەڵ پڕۆژە ماڵی و تسلیحاتییەکانی سپا، قەدەغەی هاتنی ئەندامانی سپا و کەسانی پەیوەندیدار بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئورووپا و خستنەژێر چاودێری و لێپرسینەوە و سەپاندنی سزای قورس بۆسەر کۆمپانیا و دامەزراوە هاوکارەکانیان لە هەموو وڵاتانی یەکێتیی ئورووپا. جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە بۆ گشت دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتییەکە حەتمی و ئیلزامییە

بەڵام یەکێتیی ئورووپا لە کاتێکدا سپای پاسداران دەخاتە لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانەوە کە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم یەکێتییە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە سازش و سەودا و مامەڵە لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر ڕێگرییان لە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران لە وڵاتەکانیان نەکرد، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری، یارمەتیی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییان داوە و گەڕاندوویاننەتەوە بۆ ئێران. گەیاندنی جەعفەر سەحراروودی و تیمەکەی دوای تێرۆری قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ فڕۆکەخانەی ڤییەن لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران؛ ئازادیی ئەنیس نەقاش تێرۆریست و بکوژی شاپوور بەختیار لە فەرەنسا؛ ئازادکردنی کازم دارابی و تیمەکەی کە ئەندامی حیزبوڵڵای لوبنان بوون و تێرۆری ڕێستۆرانی میکۆنۆسیان لە ئاڵمان ئەنجام دا و هەروەها ئازادی و ڕادەستکردنەوەی حەمید نووری کە بە تاوانی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠دا مەحکووم کرابوو، چەند نموونەیەک لەم باجدان و سازشانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوون کە سپای پاسدارانیان لە درێژەدان بە کردەوە تێرۆریستییەکانی خۆی هارتر و بێباکتر کرد

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خستنی سوپای پاسداران لە لیستی هێزە تێرۆریستییەکانی یەکێتیی ئورووپا و سەپاندنی گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتانی ئورووپاییەوە، نیشانەی لاوازبوونی زیاتری پێگەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هاتنی تەمەنی پڕ لە جنایەتیەتی

❊❊❊

# بزووتنەوەی خوێندکاری سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە ترس بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکات

بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بەو پێشینە درەوشاوەیەی کە لە خەبات دژی ڕژیمە سەرمایەدارییە پاشایەتییەکانی پەهلەوی و دەسەڵاتی هاری ئیسلامی هەیبووە، و بەو ساتەوەخت و قۆناغە شکۆدارانەی کە لە مەیدانی خەبات دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی‌کردنی خوێندن و بەپادگانی‌کردنی ژینگەی خوێندن تۆماری کردووە و ئەو پێگە و جێگایەی کە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێراندا بە ناوی خۆیەوەی کردووە، جارێکی دیکەش ڕۆڵ و ڕیسالەت و پێشەنگایەتیی سیاسیی خۆی لەم قۆناغەدا بەجێ گەیاند. ئەم بزووتنەوەیە سەلماندی کە سەرکوتی دڕندانە و سەپاندنی کەشوهەوای توندی ئەمنیەتی بەسەر ژینگەی زانکۆکاندا لەلایەن حەراسەت و دەزگا ئەمنییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامییەوە، بەتایبەت دوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، نەیتوانیوە ببێتە ڕێگر لەوەی کە بزووتنەوەی خوێندکاری لەم ساتەوەختە مێژووییەدا ڕۆڵی شیاوی خۆی بگێڕێت.

زانکۆ وەک هەستەوەر و ویژدانی بەخەبەری کۆمەڵگە، لە ڕابردووشدا هەمیشە شوێنێک بووە کە لە بەرامبەر قەیران و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا خێرا کاردانەوەی نیشان داوە. لە ڕاپەڕینی نارەزایەتیی ئەم دواییەشدا، بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەیەکی پێشەنگ و ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتی زۆر زوو پەیوەست بوو بەو نارەزایەتییانەی کە چەخماخەکەی لە بازاڕی تاران و لە نارەزایەتی بە پشێوی و ناسەقامگیریی نرخی دراو و هەڵکشانی ڕۆژانەی نرخی کاڵاکان لێدرا. لەم ماوەیەدا سەرەڕای سەرکوتی وەحشیانە و کۆمەڵکوژیی هەزاران کەس لە خەڵکی نارازی لەلایەن ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییەوە، خوێندکاران لە زۆربەی زانکۆکاندا بە شێوازی جۆراوجۆر دەستیان دایە ئاکسیۆن، کۆبوونەوەی نارەزایەتی و مانگرتن. خوێندکاران لە زانکۆ جیاوازەکاندا هاوکات بە دەرکردنی ئاگاداری و بەیاننامە و بە بایکۆتکردنی پۆلەکانی خوێندن، دروشم نووسین و کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی کارای خۆیان لەم نارەزایەتییانەدا گێڕا. بەداخەوە خوێندکارانیش لەم قۆناغە لە خەباتدا تێچووی گەورەیان داوە. بەپێی ڕاگەیاندنی سەرچاوە زانکۆییەکان تا ئێستا گیانبەختکردنی لانی‌کەم ٨٦ خوێندکار پشتڕاست کراوەتەوە؛ ژمارەیەکی زۆر بریندار و زۆرێکیش دەستبەسەر کراون.

ڕۆژی نۆی بەفرانباری ئەمساڵ و لە سێهەمین ڕۆژی دەستپێکی ڕاپەڕینی ئێستا دژی کۆماری ئیسلامی، خوێندکاران لە ژمارەیەک لە زانکۆکاندا بۆ پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە، نارەزایەتییان ساز کرد و بە دەنگ هەڵبڕین بە دروشمی ئازادیخوازانە دژی ڕژیمی ئیسلامی لەوانە „مەرگ بۆ دیکتاتۆر“، „نە ڕووسەری نە تووسەری، ئازادی و بەرابەری“، „ژن، ژیان، ئازادی“ نیشانیان دا کە داخوازییەکانی ئەم ڕاپەڕینە تەنیا ئابووری نین، بەڵکوو ناوەرۆکێکی سیاسی و دژە ڕژیمییان هەیە. ئێوارەی ڕۆژی هەشتی بەفرانبار خوێندکارانی ژمارەیەک لە زانکۆکان بە مەبەستی ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کۆنەپەرستانەی بەناو „حیماسەی نۆی دەیٚ“ کە کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک بۆ نیشاندانی هێزی سەرکوتگەری خۆی ژمارەیەک لە بەکرێگیراوانی خۆی لەژێر ناوی پشتیوانی لە ڕژیم دەهێنێتە سەر شەقامەکان، بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک ڕایانگەیاند کە ڕۆژی نۆی بەفرانبار دەست دەدەنە کۆبوونەوەی نارەزایەتی. لەم بانگەوازەدا لە خوێندکارانی زانکۆکانی تاران، زانست و پیشەسازی، عەلامە تەباتەبایی، زانست و فەرهەنگ، خاجە نەسیر، بەهەشتی و زانکۆی پیشەسازیی ئەسفەهان و یەزد داوایان کرد کە لە پێناو پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی خەڵک، پەیوەست بن بەم کۆبوونەوە نارەزایەتییانەوە. لەم بانگەوازەدا داوا لە مامۆستایانیش کرابوو کە پەیوەست بن بە خوێندکارانەوە؛ پۆلەکانی خوێندن لەو ڕۆژەدا داخرا و خوێندکاران بە وتنی دروشمی دژە حکوومەتی وەک „مەرگ بۆ دیکتاتۆر“، „ئەم هەموو ساڵە جەنایەت، مەرگ بۆ ویلایەت“، „ئیسلاحتەڵەب ئوسوڵگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا“، „ئازادی ئازادی“، „بەسیجی و سپایی، داعش هەر ئێوەن“، „ ئێمە لە ڕەگەزی خوێنین، تا کۆتایی دەمێنینەوە“، کۆبوونەوەی نارەزایەتیی خۆیان بەرپا کرد.

بەدوای کوشتار و کۆمەڵکوژیی هەزاران کەس لە خەڵک لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئاست تاوانەکانی ڕژیمدا چاوترسێن نەبووە و بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەیان بە نارەزایەتییەکانی خۆیان دژی کۆماری ئیسلامی داوە. ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی ڕێبەندان ڕێکخراوی „خوێندکارانی پێشەنگ“ (دانشجویان پیشرو) ڕایگەیاند کە خوێندکارانی زانستە پزیشکییەکانی ٢٩ زانکۆ لە سەرتاسەری وڵات بە یەکگرتوویی خۆیان، وەک نارەزایەتییەک بە کوشتاری خەڵک و دادخوازی بۆ خوێندکارانی گیانبەختکردوو، تاقیکردنەوەکانیان بایکۆت کردووە. هەڵبەت لە درێژەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی ڕژیمی ئیسلامیدا، بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران هەمیشە دژی یاسا و ڕێسای کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ئیسلامی لە حاڵەتی نارەزایەتی و خەباتدا بوون. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە، زانکۆکانی وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگای پەرەپێدانی فەرهەنگی خورافە و کۆنەپەرستیی خۆی دیوە. بەردەوام دژی زانکۆ دەستیان کردووە بە ئامۆژگاری و هەڕەشە، چەندین جار زانکۆ و خوێندکارانیان کردووەتە ئامانجی پەلاماری سەربازی. ژینگەی زانکۆیان کردە شوێنی نوێژی هەینی و لەژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی» هەوڵیان دا بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی „تێکەڵکردنی حەوزە و زانکۆ“ و پاکسازی و دەرکردنی مامۆستایان و خوێندکارانی چەپ و کۆمۆنیست و جێگرتنەوەیان بە مەلا و بەسیجی، زانکۆ لە ناوەرۆکی زانستی و سیاسیی خۆی بەتاڵ بکەنەوە؛ بە ڕق و کینە لە زانست و زانکۆ، تاوانی ١٨ی تیری ١٣٧٨یان خوڵقاند و بە فەرمانی سەرپاسدار قالیبافی تاوانبار و بە هێرشی „گازەنبۆری“ بۆ سەر بەشەناوخۆییەکانی خوێندکاران، ئەوانیان لە پەنجەرەکانەوە فڕێ دایە خوارەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم تاوان و سەرکوتگەرییانە نەیانتوانی بزووتنەوەی پێشەنگی خوێندکاری ناچار بە بێدەنگی و پاشەکشە بکەن.

لە ماوەی ڕابردوودا بزووتنەوەی خوێندکاری درێژەی بە خەبات و پێشڕەویی خۆی داوە. ڕێکخراوە و دامەزراوە خوێندکارییەکان بە ڕێبەری و ئاسۆی سیاسیی ڕوونەوە لە زۆرێک لە زانکۆکان پێکهاتوون. بەشداریی کارا لە نارەزایەتییەکان و دەرکردنی بەیاننامە و بانگەوازە هاوبەشەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، بە خواست و داخوازیی شۆڕشگێڕانەوە، پێگەی بزووتنەوەی خوێندکاریی وەک یەکێک لە بزووتنەوە پێشەنگ و سەقامگیرە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا جێگیر کردووە. لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی ئێستادا کە حکوومەتی گەندەڵی ئیسلامیی گەیاندووەتە لێواری ڕووخان و هەرەس هێنان، بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری دەتوانێت بە گەڵاڵەکردنی خواست و داخوازییە پێشەنگەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و بزووتنەوە پێشەنگە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و بە دروستکردنی پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵیاندا، درێژە بە ڕۆڵی پێشەنگایەتیی خۆی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانی‌خوازانەی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بدات.

❊❊❊

# با بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ ڕۆژاوا پەرەپێبدەین

دەوڵەتی دەستنشاندەی ئەحمەد شەرع لە سووریا، لە ماوەی ١٣ مانگدا کە لە سیناریۆی هاتنەسەرکاری لەلایەن تورکیا و ئەمریکا و قەتەرەوە تێدەپەڕێت، لەجیاتی ئەوەی هەنگاوێک بۆ سەروساماندان بە دۆخی ئابووری و ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراوی سووریا هەڵبگرێت، بەردەوام لە خزمەت جێبەجێکردنی ئامانج و بەرنامە سیاسی و ئەمنییەکانی دەوڵەتانی ئەمریکا، تورکیا، ئیسرائیل و هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبیدا بووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دۆخی ئابووریی سووریا قەیراناویتر بووەتەوە. وێرانکارییەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕی ١٥ ساڵەی ئەسەد بە هاوکاری سەربازی ڕووسیا و کۆماری ئیسلامی دژی نارازییان و گرووپە تێرۆریستە ئیسلامییەکان، هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە؛ هەڵاوسان، گرانی، داڕمانی بەهای لیرەی سووری و دابەزینی توانای کڕینی کرێکاران و زۆرینەی هەرەزۆری خەڵک، ژیان و گوزەرانیانی بەرەوڕووی کێشە و ئاستەنگی زۆر کردووەتەوە.

بەڵام دەوڵەتی ئەحمەد شەرع وەک ئامراز و داردەستی دەوڵەتی تورکیا، خەڵکی وەگیانهاتووی سووریای لە گێژاوی شەڕ و جینۆسایدی ناوخۆییدا گرفتار کردووە. ئەم ڕێبەرە جیهادییەی „تەحریر ئەلشام“، دوای گەیشتن بە دەسەڵات و لەبەرکردنی کۆت وشەڵواڕ و کراوات، بەڵێنی دابوو کە حکوومەتێکی گشتگیر لە هەموو کەمایەتییەکانی سووریا پێبکهێنێت. بەڵام هێشتا سێ مانگ تێنەپەڕیبوو کە لە مارسی ٢٠٢٥ـدا هێرشی کردە سەر „لازقیە“ و „تەرتووس“ لە بەشی لێواراوەکانی ڕۆژاوای سووریا کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەلەوین، سەدان کەسیان بە شێوەیەکی وەحشیانە کوشت و ماڵی خەڵکیان تاڵان کرد و دەستدرێژییان کردە سەریان. بەدوای ئەوەشدا لە مانگی ئاوریل و جووڵای‌دا، شەڕی دژی درووزەکانی لە باشووری سووریا هەڵگیرساند کە خوازیاری بەشداری لە پێکهێنانی حکوومەت بوون و نارەزایەتییان هەبوو بەرامبەر بە پەراوێزخستنی هەندێک لە ڕێبەرەکانیان لە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتدا. هەڵبەت دەوڵەتی داگیرکەر و جینۆسایدکەری ئیسرائیلیش بە ئامانجی داگیرکاری و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زیاتر لە جۆلان و باشووری سووریا، هەوڵیدا کەڵک لەم بزووتنەوە نارەزایەتییە وەربگرێت. دواجار نۆرە گەیشتە کوردەکان کە بۆ ماوەی ١٤ ساڵە کۆنترۆڵی کوردستانی „ڕۆژاوا“ و بەشێکی زۆر لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوورییەیان بەدەستەوە بووە و لە چوارچێوەی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیکدا ئیدارەیان کردووە. دیارە شەڕکردن لەگەڵ کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی بوونی هێزی سەربازیی بەئەزموون و ڕێکخراوی „هێزەکانی سووریای دیموکرات“، کە لە ژنان و پیاوانی ڕێکخراو و خەباتکار پێکهاتووە، وەک ناوچەکانی دیکە بۆیان ئاسان نەبووە و پێویستی بە ڕێککەوتن و هاوکاریی ئەمریکا، تورکیا و ئیسرائیلیش هەبووە.

لەم نێوەندەدا ڕۆڵ و ئامانجی پاوانخوازانەی دەوڵەتی شۆڤێنیستی تورکیا و دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانی سووریا، ڕاستییەکی عەینی و حاشاهەڵنەگرە. دەوڵەتی ئەردۆغان لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بە لەشکرکێشی و ڕێکخستنی گرووپە تێرۆریستە چەکدارەکان بەشێکی زۆری کوردستانی سووریای داگیر کردووە؛ بە بۆمباران و تۆپبارانی ناوەند و ژێرخانەکانی ئاو، کارەبا و وزە و تەنانەت بۆمبارانی نەخۆشخانە

و قوتابخانەکان، سرووشتی شۆڤێنیستیی خۆی زیاتر دەرخستووە. دەتوانین بڵێین بەشێک لە پاڵنەر و کردەوەی تورکیا بۆ بە دەسەڵات گەیاندنی ئەحمەد شەرع، هەر بە ئامانجی لەناوبردنی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری و هەموو چەشنە دەسەڵاتێکی خەڵکی کورد بووە بەسەر چارەنووسی خۆیانەوە.

لەو ماوەیەدا دەوڵەتی تورکیا بە گوشار و پێدانی ئیمتیاز و سات و سەودا لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، لە هەوڵدا بووە گەڵاڵەی هێرشی سەربازی بۆ سەر ڕۆژاوا لە ڕێگەی دەوڵەتی سووریاوە جێبەجێ بکات. بە تەماحخستنەبەر و دابەشکردنی پارە بەسەر سەرۆک عەشیرەتەکانی دێرەزوور و ڕەققەدا کە پێشتر لایەنگری "هێزەکانی سووریای دیموکراتیک"بوون، ئەوانی بەلایخۆیدا ڕاکێشاو دژی هێزەکوردەکان هانیدان.



سەبارەت بە شەڕی ئەم دواییەی دەوڵەتانی سووریا و تورکیا دژی خەڵکی ڕۆژاوا، ئاژانسی هەواڵدەریی ڕۆیتەرز ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٦ی بەفرانبار لە کۆبوونەوەی پاریس بە بەشداریی نوێنەرانی سووریا، تورکیا، ئەمریکا، ئیسرائیل و فەڕانسە، پێشنیاری سووریا بۆ هێرشی سەربازیی سنووردار بۆ سەر ڕۆژاوا خرایە بەرباس و ئەمریکا و ئیسرائیلیش دژایەتییان نەکردووە. بەدوای ئەو کۆبوونەوەیەدا و ئێوارەی هەمان ڕۆژ، هێزەکانی دەوڵەتی شەرع پەلامارێکی وەحشیانەیان کردە سەر دوو گەڕەکی کوردنشینی شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە لە حەلەب و لە ماوەی چەند ڕۆژ شەڕدا، هەزاران بنەماڵەیان ئاوارە و خانوویەکی زۆریان وێران کرد و سەدان کەسیشیان کوشت و بریندار کرد. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز، دوای ئەوە، دەوڵەتی تورکیا لە پەیامێکدا بۆ ئەحمەد شەرع وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتن، ڕەزامەندیی ئەمریکای سەبارەت بە هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی سووریا پێ ڕاگەیاندووە.

دەوڵەتی سووریاش هێرشی سەربازی بەربڵاوی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی „هەسەدە“ لە پارێزگاکانی دێرەزوور، ڕەققە، حەسەکە، کۆبانی، بەنداوی تشرین و زیندان و کەمپەکان -کە ساڵانێکە تیرۆریستانی داعش و بنەماڵەکانیانی تێدا ڕاگیراون- ڕێکخست و ناویان لێنا „فوتوحاتی ئیسلام دژی کوفار“. شاری کۆبانیی خۆڕاگر کە ساڵی ١٣٩٣ داعشی تێکشکاند و لۆمۆزی بە خاکدا ماڵی و بووە جێی شانازیی جیهان، لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنی لەشکری ئیسلامی شەرعدا، زیاتر لە هەفتەیەکە گەمارۆ دراوە، ئاو و کارەبا و گەیشتنی خۆراک و دەرمانیان لێ بڕیوە و تا ئێستا ٦ منداڵ بەهۆی سەرماوە گیانیان لەدەست داوە. هەڵبەت ئەم گۆڕانکارییانە بەدوای بەناو ڕێککەوتنگەلێکدا هات کە لەلایەن ئەحمەد شەرع و دەوڵەتانی تورکیا و ئەمریکاوە بەسەر مەزلووم عەبدیدا سەپێندرابوو. بەڵام هێزە جیهادییەکانی ئەحمەد شەرع پێش وادەی جێبەجێکردنی هەر ئەم ڕێککەوتنە سەپێنراوانەش پەلاماری سەربازیی خۆیان دەست پێ کرد.

هەڵبەت هێزەکانی „هەسەدە“ لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی ئەحمەد شەرع بۆ سەر کوردستان دەستیان داوەتە بەرخودان و مقاوەمەت و تا ئێستا لەم شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی هەردوولا کوژراو و بریندار بوون. بەهۆی تۆپبارانی شار و گوندەکان لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستانی سووریاش گیانیان بەخت کردووە. هەواڵ و گرتە ڤیدیۆییەکی زۆر لە کوشتن، ئێعدام و سەربڕین لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئەحمەد شەرعەوە بڵاو بووەتەوە کە ئاستی دڕندەیی ئەم هێزانە نیشان دەدات. هەڵبەت لەم شەڕانەدا هێزەکانی „هەسەدە“ش تەڵەفات و زیانی زۆریان بە ئەرتەش و گرووپە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتی سووریا گەیاندووە و تەنانەت هێزە دژە تیرۆرەکانی „هەسەدە“ لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە شەوی یەکشەممە ٥ی ڕێبەندان، بەشێک لە گەمارۆکەیان شکاندووە و چوونەتە نێو کۆبانی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەیی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەرگری لە بەرامبەر دەستدرێژیی هێزەکانی دەوڵەتی شەرع و بوونی هێزی بەئەزموون و خەباتکاری ژنان و پیاوانی „یەپەژە“ و „یەپەگە“، دەوڵەتی ئەحمەد شەرع کە بەرەوڕووی قەیرانی زۆر بووەتەوە، ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. هەر وەک چۆن دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغانیش تا ئێستا نەیتوانیوە لەناویان ببات.

ئاڵوگۆڕەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند کە نە دەوڵەتی ئەمریکا، نە دەوڵەتی ئیسرائیل و نە هیچ زلهێزێکی ئیمپریالیست پشتیوانی ئازادی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خەڵک نین و تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستنی ئاگاهانە بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەوە دەتوانرێت ماشینی جەنگ و داگیرکاریی هێزە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری پاشەکشەی پێ بکرێت و ئاسۆی ڕزگاری بە ڕووی کۆمەڵگادا بکرێتەوە. لە هەلومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی ڕۆژاوا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە هاوپشتی و پشتیوانیی مرۆڤەکان و بزووتنەوە ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبەکان لە سووریا و وڵاتانی ناوچەکە و سەرتاسەری جیهان هەیە. بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بەتایبەت لە شارەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق لە هاوپشتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و دژی پەلاماری دەوڵەتی ئیسلامی سووریا و دژی پیلانەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئەمریکا، دەتوانێت تێچووی ئەم سیاسەتە پاوانخوازانە و کۆنەپەرستانەیە بۆ دەوڵەتی تورکیا بەرز بکاتەوە. لە کوردستانی ئێران پێویستە، ناوەند و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکان بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن، هاوپشتیی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی بەرخودانی خەڵکی کوردستانی سووریا نیشان بدەن. بەردەوامی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ ڕۆژاوا لە وڵاتانی ئەورووپا و پەرەپێدانی بۆ وڵاتانی دیکە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی ڕای گشتیی جیهان بۆ ئەم بزووتنەوەیە، دەتوانێت هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستانی سووریا بگۆڕێت.

❋❋❋

# مەترسیی دەستاوەدەستکردنی دەسەڵات لە سەرەوە و زەروورەتی ڕێکخستن لە خوارەوە

تەقینەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتی پەنگخواردوو کە لە ڕەوتی شەپۆلی بەهێزی ڕاپەڕینی سەرانسەریی بەفرانباری ١٤٠٤دا جارێکی دیکە کۆمەڵگای ئێرانی هەژاند، ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی قووڵە کە لە دڵی بنبەستی پێکهاتەیی „سەرمایەداریی ئیسلامی“ەوە سەری هەڵداوە. کوشتوبڕ و کۆمەڵکوژیی بەرین و سامناکی ناڕازییان کە جارێکی دیکە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایەدارانی دەرخست، نەک نیشانەی هێز و توانای دەسەڵات، بەڵکوو نیشانەی دارمانی یەکجاریی مەشرووعییەتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ئەو ڕژیمەیە. لەم هەلومەرجەدا، پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە „چیمان ناوێت و کێ دەبێ بڕوات“، بەڵکوو پرسیاری „چیمان دەوێ و چ هێزێک، بە چ بەرنامەیەک و لە چ ڕێڕەوێکەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست“ دێتە سەرووی هەموو پرسیارەکانەوە.

ئێستا و هاوکات لەگەڵ توندبوونەوەی سەرکوت لە ناوخۆدا، هەڕەشە جەنگییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و مەترسی شەڕ و دەستێوەردانی سەربازی باڵی بەسەر ئاسمانی ئێران و ناوچەکەدا کێشاوە. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ڕژیم و پاوانخوازییە ناوچەییەکانی، قەیرانە جیۆپۆلیتیکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ ئیمپریالیستییەکان، ئێرانیان کردووەتە مەیدانێکی بەهێز بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە شەڕ و دەستێوەردانی دەرەکی هەرگیز نابێتە هۆی ڕزگاریی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و گەلانی ستەملێکراو، بەڵکوو هەمیشە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی شێوازی نوێ لە دەسەڵاتداریەتی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی.

لەم بەستێنەدا، پرۆژە سیاسییەکانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواکان، لە سەڵتەنەتخوازەکان و موجاهیدینی خەلقەوە بگرە تا دەگاتە هەندێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان و بەلووچستان کە هیوایان بە دەستێوەردان و پشتیوانی هێزە دەرەکییەکان و سازوکاری „گواستنەوەی دەسەڵات لە سەرەوە“ بەستووە، لە دژایەتییەکی ئاشکرادان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران و وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسۆی ڕزگاریخوازانەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری لە خوارەوە هەژمار دەکرێن.

ئەم بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن سەرباری جیاوازییە بەرنامەیی و ستراتیژییەکانیان، لە یەک خاڵدا هاوبەشن: بێ‌متمانەیی قووڵ بە توانای ڕێکخراوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاپەڕینی جەماوەری لە چوارچێوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکاندا. ئەوان نەک خوازیاری گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵات نین، بەڵکوو بەدوای جێگۆڕکێی نوخبە دەسەڵاتدارەکان و بەدەستهێنانی پشکێکن لە دەسەڵاتی سیاسی. ئەم جۆرە پرۆژانە و هیوابەستن بە دەستێوەردانی سەربازیی هێزە ئیمپریالیستەکان، نەک تەنیا یارمەتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران نادات، بەڵکوو دەبێتە هۆی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە فۆرم و شێوەیەکی دیکەدا. هێرشی سەربازی ئەمریکا کە ئەم بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن چرکەژمێری بۆ ڕوودانی دەکەن، دەتوانێت تەواوی دەستکەوتەکانی خەباتی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراوی ئێران کە لە نەبەردی سەنگەر بە سەنگەر و بە بەهای ئەو خوێنانەی لەسەر شەقام ڕژاون



. بەدەست هاتوون، لەناو بات

لە بەرامبەر ئەم ئاسۆ کۆنەپەرستانەیەدا، زەروورەتی ڕێکخستنی سەربەخۆی چینایەتی زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستییەکی سیاسی پەیدا کردووە. ئەزموونی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی سەدەی بیستەم و بیست و یەک نیشانی دەدات کە بەبێ ئامادەیی ڕێکخراوی چینی کرێکار و پێکهێنانی دامەزراوەکانی دەسەڵات لە خوارەوە، شۆڕش یان شکست دەخوات یان دەستی بەسەردا دەگیرێت. لە دڵی ئەم قەیرانە سیاسییە توندانەدا، پێکهێنانی کۆمیتەکان، شووراکان و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە ژینگە و شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لە گەڕەکەکانی شارەکاندا، دروشمێکی ئیختیاری نییە، بەڵکوو وەڵامێکی عەمەلییە بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی. ئەم شوورا و دامەزراوە جەماوەرییانە دەتوانن هەم ئامرازی ڕێکخستنی مانگرتنی سەرانسەری و هێنانەمەیدانی جەماوەر و بەرگریی بە کۆمەڵ بن لە بەرامبەر سەرکوتدا، و هەم ئامرازێک بن بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی جەماوەری و بەڕێوەبردن لەو هەلومەرجەی کە نیشانەکانی بۆشایی دەسەڵاتی ئیداری دەزگای .حاکم دەردەکەون

هەنگاونان لە ڕێڕەوی پێکهێنانی کۆمیتە و شووراکانی گەڕەک، دەرفەتی بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەر لە بڕیاردان، ڕێکخستنی خەبات و دابینکردنی پێداویستییە دەستبەجێکان لە سەردەمی شڵەژانە سیاسییەکاندا دەڕەخسێنێت. لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی ئێستا ڕەوایەتی خۆی لەدەست داوە و دامەزراوە فەرمییەکان بوونەتە ئامرازی سەرکوت، ئەم پێکهاتانە دەتوانن هەر چەشنە بۆشاییەکی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری حاکم بە قازانجی .چەوساوەکان پڕ بکەنەوە

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کۆمیتەکانی گەڕەک، شووراکان و دامەزراوە جەماوەرییەکان تەنیا کاتێک دەتوانن ببنە بەدیلێکی واقعی بۆ دەسەڵاتی حاکم لە سەردەمی توندبوونەوەی قەیرانە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکاندا، کە لە چوارچێوەی ئاسۆیەکی سەرانسەری و ووشیارانەدا بەیەکەوە گرێ بدرێن. بۆیە، هەوڵدان بۆ دروستکردنی „ڕێبەرییەکی سەرانسەری“ لە ڕێگای بەیەکەوە بەستنەوەی دامەزراوەکان، ڕێکخراوەکان، چالاکان و ڕێبەرانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی دژی سێدارە و بنەماڵە دادخوازەکان کە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ بابەت و چالاکیی خۆیان هەیە، و هەروەها جێخستن و نهادینە کردنی ئەم پەیوەندییانە، دەتوانێت لە نەبوونی تەشەکول .و ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە

❊❊❊

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## هۆشدارێک بۆ سەرجەم دامەزراوە پێشکەوتنخواز، شۆڕشگێڕ، چەپ و کۆمۆنیستەکان

## کۆماری ئیسلامی دەستی داوەتە لەسێدارەدانی نهێنیی دەستبەسەرکراوانی بزووتنەوەی ئەم دواییە

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی تێکۆشەری ئێران!**

ئەوەی ئێستا لە ئێران و لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەگوزەرێت، تەنیا سەرکوتێکی خوێناوی خەباتی بوێرانەی جەماوەری خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو کۆمەڵکوژییەکی گشتییە. کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکێکە کە بۆ ژیان، بژێوی، کار، نان، ئازادی و دەستەبەرکردنی داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان دەستیان داوەتە نارەزایەتی. کۆمەڵکوژیی ژنان و لاوان و منداڵان و جەماوەری تێکۆشەرێکە کە بۆ بەدەستهێنانی کەمترین پێداویستییەکانی ژیانێکی ئینسانی و لە ئاستێکی بەرینتردا، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوەی لە وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین داخوازییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەری وەزاڵەهاتووی ئێران داماو و بێتوانایە، هەموو جارێ دەست دەداتە کوشتاریان و خەباتی مافخوازانەیان خەڵتانی خوێن دەکات. خۆپیشاندانی بەرینی ژنان و پیاوان و منداڵان و جەماوەری زەحمەتکێش بە تیربار و کلاشینکۆف و دۆشکە دەداتە بەر دەسترێژ

ئەو نەبەردەی ئێستا لە نێوان جەماوەر و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی حاکم بەسەر ئێراندا لە ئارادایە، نەبەردێکە بۆ ئازادی و شۆڕش. خەباتێکە بۆ ڕزگاری لە ستەم و سەرکوت. ئەوەیکە خوێنڕێژانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤ بەسەر جەماوەری ڕاپەڕیوی خەڵکی ئێرانیان هێنا، لە سەرجەم سەرکوت و کوشتارەکانی هەتا ئێستای دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لەماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوو بەرینترە. تا ئێستا "هرانا" و ناوەندەکانی دیکەی مافی مرۆڤ کوژرانی ٥ هەزار تا زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسیان ڕاگەیاندووە. ژمارەی بریندارەکان یەکجار زۆرە. بەکرێگیراوانی خامنەیی ژمارەیەکی زۆر لەم بریندارانەیان لە کاتی دەستبەسەرکردن، گواستۆتەوە بۆ ناوەندە دەرمانییەکان و تەنانەت لەسەر تەختی نەخۆشخانەکان داوەتە بەر تێری خەڵاس. دەیان هەزار کەس دەستبەسەرکراون و هەر ئێستا گیانیان لە مەترسیدایە

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی خەباتکاری ئێران!**

کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو زەبرەی لە خەباتی قارەمانانەی جەماوەری خەڵکی ئێران بەریکەوتووە، هەر ئێستا لە لاوازترین پێگەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە. بێدادگاکانی ڕژیم بەهۆی ئاڵۆزیی ناوخۆیی و قەیرانە قوڵ و بێچارەسەرە پێکهاتەییەکان و گوشاری هەمەلایەنەی ناوەندە نێونەتەوەییەکان، بەڕواڵەت لەسێدارەدانی گیراوانی ئەم دواییەی ڕاگرتووە یان دوایخستووە. بەڵام ئەمە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکەیە. هەواڵەکان لە ناوخۆی ئێرانەوە باس لەوە دەکەن کە کوشتارگاکانی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی خامنەیی وموحسینی ئێژەیی، لەسێدارەدانی نهێنیی دەستبەسەرکراوانیان خستووەتە دەستووری کاری دەسەڵاتەوە. ژمارەیەک لە بنەماڵەکان ڕایانگەیاندووە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەموو شوێنێک بەدوای ئازیزانیاندا گەڕاون، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان لەناو کوژراوەکاندا نەبووە، کەچی ئێستا دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژ تەرمی ڕۆڵەکانیان لەنێو تەرمە کەڵەکەبووەکاندا دۆزیوەتەوە. هەندێک زانیاریی گەیشتوو لە شایەتحاڵان و پزیشکانی نەخۆشخانەکانەوە ئاماژە بەوە دەدەن کە ژمارەیەک لە دەستگیرکراوان یان برینداره ڕفێندراوەکان لە نەخۆشخانەکان کە برینی سەختیشیان نەبووە، ئێستا تەرمەکانیان لەنێو کوژراوەکاندا دۆزراوەتەوە

کۆی هەواڵ و ڕاپۆرتە گەیشتووەکان لە ناوخۆی ئێرانەوە دەری دەخەن کە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەی نهێنی، دەستگیرکراوان و برینداره‌کان لەسێدارە دەدەن و بە کەڵکوەرگرتن لە دۆخی شێواوی کۆمەڵگا، تەرمەکانیان دەخەنە ناو کوژراوانی سەر شەقامەکانەوە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، وێڕای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ئەم دواییە و دەربڕینی بێزاری قووڵ بەرانبەر بە کردەوەی جنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی، داوا لە سەرجەم بنەماڵەکان، کەسانی ئاگادار، چالاکانی سیاسی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ دەکات کە ناوی سەرجەم ئەو دەستبەسەرکراو و بێسەروشوێنانەی کە تا ئێستا لەنێو کوژراوەکاندا نەدۆزراونەتەوە، هەرچی زووتر وەک دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینی ئەم دواییە ڕابگەیەنن. چونکە تەنیا بە ئیتیلاعڕەسانی و ڕاگەیاندنی بەرفراوان، بە هێنانەبەرباسی ناوی دەستگیرکراوان لە کۆڕ و کۆمەڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و بە هەواڵدەریی بەپەلە لەسەر ئێعدامە نهێنییەکانی ڕژیم بۆ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، دەکرێت تا ڕادەیەک پێش بەم کردەوە جنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی بگیرێت

**نا بۆ سێدارە**

**ئازادیی دەستبەجێ و بێمەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

٥ی بەفرانباری ١٤٠٤ – ٢٥ی ژانویەی ٢٠٢٦

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# کۆماری ئیسلامی؛ تەقەلا بۆ «سازشێکی ئابڕوومەندانە» لەژێر گوشاری هەڕەشە جەنگییەکانی ئەمریکادا

بەدوای کوشتار و کۆمەڵکوژیی ساماناکی هەزاران کەس لە ناڕازییان بە دەستی دەزگای سەرکوت و کوشتاری ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا، کە بە تاوانی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی هەژاری، برسیەتی، هەڵاوسان، گرانی و جیاکاری و نایەکسانی ڕژابوونە سەر شەقامەکان، عەلی خامنەیی ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی ڕێبەندان جارێکی دیکە بێشەرمانە مۆری پەسەندی لەم جەنایەتە دژە مرۆییانە دا و بەرگریی لێکرد. ناوبراو ئەمجارەش بە کۆمەڵێک قسەی پووچ و بێبنەما، ڕاپەڕینی نوێی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی بە „نیمچە کودەتا“ دژی کۆماری ئیسلامی ناوبرد و وەک هەمیشە بە هەوڵی دەزگا سیخوڕییەکانی „مۆساد“ و „سی ئای ئەی“ی وەسفی کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ناڕەزایەتییەکان سەرکوت کراون. هەڵبەت ئەم چەواشەکارییەی خامنەیی سەبارەت بە کوشتاری هەزاران هاووڵاتی، بە پچڕاندنی ئینتەرنێت لەلایەن ڕژیمەوە بەر لە دەستپێکردنی کوشتارەکە و وەرگرتنی پارەی گولـلە لە بنەماڵەی گیانبەختکردووان بۆ ڕادەستکردنەوەی تەرمی ئازیزانیان، دەرکەوت و ئاشکرا بوو.

مەبەستی خامنەیی لەم وتارە کە بە بیانووی „دەهەی فەجر“ پێشکەشی کرد، لە هەمان کاتدا کە دەربڕی ترس و نیگەرانییە لە بەردەوامیی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک دژی دەسەڵاتی ئیسلامی، هاوکات هۆشدارێکیش بوو بە ئەمریکا سەبارەت بە هێرشی سەربازی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی. ئەم هۆشدارە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئەمریکا دە کەشتیی جەنگیی لە ئاوەکانی دەریای عومان و نزیک سنووری ئاوییەکانی ئێران جێگیر کردووە و درێژە بە هەڕەشەکانی دەدات. ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی ڕێبەندان، ترامپ ئاشکرای کرد کە: „کۆماری ئیسلامی لە حاڵی گفتوگۆی جیددی دایە لەگەڵمان“. ناوبراو هەڕەشەی کرد کە „دەبینین ئایا دەتوانین بگەینە ڕێککەوتن یاخود نا؟ لە ئەگەری پێچەوانەدا دەبینین کە چی ڕوو دەدات“. هۆشدار و هەڕەشەکانی ڕۆژانی ڕابردووی ترامپ سەبارەت بە پێویستیی هاتنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی دانوستان و تەسلیمبوون بەو مەرجانەی کە ئەو دیاری کردوون، خامنەیی و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ناچار بە ڕۆیشتن بۆ سەر مێزی دانوستان کردووە.

عەلی خامنەیی کە ئەمجارە هەڕەشەی هێرشی سەربازیی ترامپی بە جیددی وەرگرتووە، لە وەڵامی ئەودا بە پارێزەوە و لە جیاتی ئەڵقابی سووکایەتیپێکەری پێشوو، ترامپی بە „ئەم ئاغایە“ ناو برد و وتی: „ئەم ئاغایە بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەشتیی جەنگیمان هێناوە و چی و چی. نابێ نەتەوەی ئێران لەم شتانە بترسێنن. لە ڕابردووشدا ئەمریکا بەردەوام لە قسەکانیاندا هەڕەشەیان دەکرد کە هەموو بژاردەکان لەسەر مێزن. ئەمە واتە شەڕ. ئەمریکا دەبێ بزانێت ئەگەر هێرش بکاتە سەر ئێران، شەڕەکە دەبێتە شەڕێکی ناوچەیی“. واتە ئەگەر ئەمریکا هێرشمان بکاتە سەر، ئێمەش هێرشی مووشەکی دەکەینە سەر وڵاتانی دراوسێ بە




تایبەت لە ناوچەی کەنداو.

هەڵبەت خامنەیی دەزانێت کە لە ئەگەری هێرشی سەربازیی ئەمریکادا، کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایەت. چونکە ئێستا کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین پێگەی خۆیدایە و ناتوانێت خۆی لە دانوستانی زیللەتبار لەگەڵ ئەمریکا بدزێتەوە. چونکە، یەکەم: قەیرانی ئابووریی ڕژیم زیاتر لە جاران پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە مایەپووچیی تەواو. دووەم: هێزەکانی بەناو „میحوەری موقاوەمەت“ی لێک هەڵوەشاوەتەوە و نەک تەنیا لە لوبنان و سووریا، بەڵکوو لە عێراقیشدا لە دۆخێکی گەلێک لاوازتردان. تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر کۆماری ئیسلامی جاران لە عێراقدا خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بوو کە سەرۆک وەزیرانی دیاری دەکرد و دەیتوانی کەسێکی گەندەڵی وەک „نووری مالیکی“ سەرەڕای دۆڕاندن لە هەڵبژاردنە کز و لاوازەکاندا لەسەر کورسیی دەسەڵات دابنێت، ئێستا کاندیدبوونی هەمان کەس بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، تەنیا بە پەیامێکی ترامپ تووشی کێشەی جیددی بووەتەوە. سێیەم ئەوەی کە حەوتووی ڕابردوو ئەنجومەنی یەکێتیی ئەورووپا بە تێکڕای دەنگ، سپای پاسدارانی ڕژیمی خستە نێو لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی خۆیەوە کە لێکەوتە و دەرهاویشتە سیاسی و ئابوورییە نەرێنییەکانی بۆ ڕژیم گەلێک زۆر دەبن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێستا کۆماری ئیسلامی ناچار بووە پێش کۆتایی هاتنی ئەو وادەیەی کە ترامپ بۆی دیاری کردبوو، بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا. ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێران، سنووردارکردنی بەرنامەی مووشەکی، گواستنەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو بە خەستیی بەرز بۆ دەرەوە و بڕینی دەستی ڕژیم لە پشتیوانیی گرووپە تیرۆریستییەکانی „میحوەری موقاوەمەت“، لە ڕیزی ئەو مەرجانەدان کە ئەمریکا بۆ ڕێککەوتن دایناون. لە دۆخێکی ئاوادا کاربەدەستانی ڕژیم کەوتوونەتە پەلەقاژە تا بە پەنابردن بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، هەلومەرجێک برەخسێنن کە بە قەولی خۆیان دانوستانێکی „ئابڕوومەندانە“یان لەگەڵ ئەمریکا هەبێت.

لەم پەیوەندییەدا میسر ڕایگەیاند کە شەوی شەممە عەبدولفەتاح سیسی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لە پزیشکیانەوە پێ گەیشتووە. لەم پەیوەندییەدا پزیشکیان بە سیسیی وتووە کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆرێک بەدوای شەڕدا نییە و داوای لێکردووە تا ڕێگری بکات لە پەرەسەندنی قەیران و شەڕ لە لایەن ئەمریکاوە لە ناوچەکەدا. عەباس عێراقچیش کە بە مەبەستی پەنابردن بۆ ئەردۆغان بۆ نێوەندگیری ڕەوانەی تورکیا کرا، ڕۆژی هەینی ١٠ی ڕێبەندان وتی: „کۆماری ئیسلامی ئامادەی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆیە لەگەڵ ئەمریکا“؛ عەلی لاریجانیش کە هەر بەم مەبەستە ڕەوانەی ڕووسیا کرا، لە تۆڕی „ئێکس“ی خۆیدا نووسیویەتی بە پێچەوانەی ئەو کەشە جەنگییەی دروست کراوە، دانوستانەکانی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا لە حاڵی بەرەوپێشچووندایە؛ وەزیری دەرەوەی قەتەریش لە سەردانێکی چەند کاتژمێریدا بۆ تاران، پەیامی هەڕەشەئامێزی ترامپی گەیاندە دەست کۆماری ئیسلامی.

لە لایەکی دیکەوە و بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی، ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی ڕێبەندان قالیباف لە مەجلیسی شورای ڕژیمدا لە شانۆیەکی گاڵتەجارانەدا لە بەرکردنی جلی سەربازی لەگەڵ نوێنەرانی دیکە، وێڕای دانی دروشمی „مەرگ بۆ ئەمریکا - مەرگ بۆ ئیسرائیل“، ئەرتەشی ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپای خستە لیستی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامییەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، مەترسیی شەڕی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەروا باڵی بەسەر خەڵکی ستەملێکراوی ئێراندا کێشاوە. ڕوون و ئاشکرایە بە هەڵگیرسانی هەر جۆرە شەڕێک لە پلەی یەکەمدا کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش زیانیان پێ دەگات و دەکەونە تەنگژەی زیاترەوە؛ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان و مانگرتنە کرێکارییەکانیش لەژێر کاریگەریی شەڕدا تووشی ڕوکوود و وەستان دەبن. ئەم شەڕە، شەڕی کرێکاران و خەڵکی ئێران نییە و دەبێ لە بەرامبەریدا ڕاوەستین، ناڕەزایەتیی دەربڕین و لە هەمان کاتدا بە گوڕوتێندان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی چڕتر بکەینەوە. تەنیا بە پەلەکردن و پەرەپێدانی هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە شەڕی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە ڕزگار بکرێن، هەوڵی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوا و ڕاسترەوەکان بۆ ئاڵتەرناتیڤسازی لە سەرووی خەڵکەوە پووچەڵ بکرێتەوە و لە بەرامبەر نەزمی ناوچەیی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێتەوە.

***

## سەرکۆتی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ڕاپەڕیو ناترسینی

# ووتاری ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهولم لە لایەن هاوری ئەحمەدی عەزیزپورەوە

**ئامادەبووانی خۆشەویست، ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەلە دەرفەتێکە بۆ چاوخشاندن بە گرینگترین ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان**

یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕووداوانە، ئاخیزی جەماوەری سەرتاسەری ئەم دواییەی کۆمەڵانی خەڵکی ئیرانە کە لە ٧ی بەفرانبار دەستی پێکرد و لە ڕۆژانی ١٨و١٩ی بەفرانبار بەشیوەیەکی درەندانە لە لایەن ڕێژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە هیرش کرایە سەر خەلکی ڕاپەریو ومافخواز، بەداخەوە. لەم تاوانە نامرۆڤانەدا هەزاران خۆپیشاندەر گیانیان لەدەستدا، هەزاران کەس بریندار و کەمئەندام بوون و دەیان هەزار کەسیش دەستبەسەرکران و ڕەوانەی زیندان کران. ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە کە لە بازاڕی تارانەوە دەستی پیکرد هەر زوو بوو بە ئاخیزیکی جەماوەری وسەرتاسەری ، درێژەی مەنتقی ڕاپەڕینی جەماوەری بەفرانباری سالی ١٣٩٦ی و ڕاپەڕینی خەزەلوەری سالی ١٣٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بوو. هەموو ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییانە ونارەزایەتی ڕۆژانەی کریکاران ڕەگ و ڕیشەی لە گرانی و هەژاری و نەهامەتی ئابووری و نادادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نایەکسانی ڕەگەزی و هەڵاواردنی نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکاندایە کە شیرازەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێشی بە جاریك لیکهەڵوەشاندووە، سەرچاوەی ئەو هەمو هەژاری ونەیامەتی وفەلاکەتی ئابوری وسیاسی کۆماری ئیسلامیە، هەربویە ئەم نارەزایەتیانە زو پیکهاتەی سیاسی کۆماریری ئیسلامی دەکەنە ئامانج ودروشمی مەرگ بۆ دیکتاتور دەبیتە دروشمی خەڵکی نارازی وئاخیزەکە دەبیتە بزووتنەوەیەکی سیاسی

بەڵام ڕاپەڕینی سەرتاسەری ئەم دواییە، بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی پێشوو کە لە ٨ ساڵی ڕابردوودا شاهیدی بووین، لە دۆخێکی نوێی ناوچەیی و جیهانیدا کەوتۆتە جووڵە. دۆخێکی نوێ کە هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکارییەکی گەورەی بە زیانی کۆماری ئیسلامی بەسەردا هاتووە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا زیاتر لە جاران گۆشەگیرتر بووە. لاوازبوون و دارمانی هێزەکانی بەناو میحوەری مقاومت، حەماس لە فەلەستینەوە تا حیزبوڵلا لە لوبنان، لەژێر لێدانی یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی ئیسرائیل، ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سوریا، گوشارەکانی سەر هێزە نیابەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق، لاوازبوونی حوسییەکان لە یەمەن، شەڕی ١٢ ڕۆژە و ئەو زەبرانەی کە ڕژیم بەریکەوت، و چەقبەستوویی لە پڕۆژە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو ئەمانە هۆکارن و پێگەی کۆماری ئیسلامییان بە توندی لاواز کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە ڕەهەندی جیهانیدا، حکومەتێکی نیوفاشیستی بە سەرۆکایەتی ترامپ لە ئەمریکا هاتۆتە سەر دەسەڵات، کە دوای جینۆسایدی غەززە، هەوڵ دەدات پڕۆژەی دارشتنی نەزمی ئیمپریالیستی خوازراوی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هاوپەیمانی لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل بەرەوپێش ببات. ئیدارەی ترەمپ لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ڕێژیمی بۆردومان کرد ،بە جیبەجیکردنی سیاسەتی زۆرترین فشار،فشاری زیاتری بە کۆکردنەوەی هیز لە ناوچەکە خستوته سەر کۆماری اسلامی ایران

لەم هەلومەرجە نوێیەدا، لەگەڵ دەسپێکی ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژی ٧ی بەفرانبار، ئەو بەشە لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژواییەکانی ئێران کە حسابیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کردبوو، زیاتر



لە جاران وەسوەسەیان بۆ دروست بوو، کە پێیان وابوو کە ساتەوەختی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە سەرەوەی خەڵك هاتووە. بانگەوازەکانی ڕەزا پەهلەوی و سەلتەنەتخوازەکان، داواکاری شیرین عیبادی و عەبدوڵلا موهتەدی بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، پێویستە لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێت

لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی کە چارەنووسی هێزەکانی بەناو میحوەری موقاومت و چارەنووسی ڕژێمی بەشار ئەسەد و شەڕی ١٢ ڕۆژەی بەخۆیەوە بینیبوو، خۆی بۆ شەڕێکی تەواو ئامادە کردبوو. لەو هەلومەرجەدا بانگەوازی ڕەزا پەهلەوی، فەرمانەکانی ترامپ، داواکاریی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا، بانگەشەی بوونی هێزەکانی مۆساد لەم خۆپیشاندانەدا، هەموویان بیانوویەکیان بۆ کۆماری ئیسلامی دابین کرد بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی خەڵکی ڕاپەریو و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و کوشتنی بەکۆمەڵی ناڕازییان و تاوانی دژە مرۆڤایەتییە انجام دا

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەم قەتڵوعامە ترسناکە، ناتوانێت خۆی لەو چەقبەستوویی و قەیرانە قووڵ و هەمەلایەنە ڕزگار بکات کە تێیدا گیرۆدە بووە.قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی پیکهاتەیین. کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ئێران کە کەوتوونەتە ژێر باری قورسی فشاری سەخت وتاقەت پروکین، هیچ ڕێگایەکیان بۆ پاشەکشە نییە و بەردەوامن لە دەربرین ناڕەزایەتی و دریژەدان بە خەبات شەپۆلی نارزایەتی خوێندکاران لە زانکۆ جۆربەجۆرەکان، بیانیەکانی ڕێکخراوە و دامەزراوە کرێکارییەکان، مامۆستایان، نووسەران و پزیشکان لە گەڵ شەرمەزارکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە مرۆڤایەتی و جەختکردنەوە لەسەر درێژەی خەبات، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێران نەترساوە و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت. لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا، لە ژێر فشاری سەرکوتکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ژێر گوشاری هەژاری و نەهامەتی ئابووری، و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، کە دوکەڵەکەی ڕاستەوخۆ چووەتە چاوی خەڵک، کۆمەڵگەی ئێران هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری، چوار ڕاپەڕینی جەماوەری و بزووتنەوە بەرینی ناڕەزایەتییەکانی چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگای بەخۆیەوە بینیوە. لەم پڕۆسەیەدا چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران شەرعیەتی سیاسی و ئایدۆلۆژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان تێکشکاند و قەیرانی حکوومەتی ئێرانیان گەورەتر کرد و بە پشت بەستن بە هێزی خەباتکارانەی خۆیان ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییان تا ئەم قۆناغە بردوتە پیش. بە درێژایی ئەم قۆناغە، سیاسەتەکانی ئەمریکا نەک هەر یارمەتی بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بووە. ئەگەر هەڕەشەکانی ئامریکا شەڕی لێبکەوێتەوە، نەک هەر یارمەتی خۆپیشاندەران نادات، بەڵکو لە فۆرمێکی دیکەشدا یارمەتی مانەوەی کۆماری ئیسلامیش دەدات. هێرشی سەربازی ئەمریکا دەتوانێ هەموو دەستکەوتەکانی خەباتی کرێکاران و جەماوەری ستەملێکراوی خەلکی ئێران کە لە شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و بە بەهای ڕژانی خوێن لەسەر شەقامەکان بەدەست هاتووە لە ناو ببات

لە هەلومەرجی ئێستادا نە هێزە بۆرژوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، نە سەلتەنەتخوازەکان و نە سازمانی موجاهدینی خەڵکی و هیزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە پشتیان بە ئەوپەڕی گوشاری ئیدارەی ترامپ و هەڕەشەکانی جەنگی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ڕاگواستنی دەسەڵات لە بان سەری کۆمەلانی خەڵکەوە بەستووە، هیچ ئاسۆیەکی دیکەی نییە جگە لە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، کە نموونەکەی لە ئەفغانستان، عێراق، لیبیا و سوریا بینیومانە. هەروەها ڕەوتە بۆرژواییە لیبراڵ-کۆماریخوازەکان هیچ ریگەچارەسەرێکیان نییە بۆ کۆتاییهێنان بەم قەیرانانە. چارەسەری ئەم هێزانە بۆ گەشەپێدانی ئابووری ئێران، پەیڕەوکردنی بەرنامە ئابوورییە نیولیبراڵەکانە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد، هەروەها درێژەدان بە بێکاری و هەرزانکردنی هێزی کارە. ئەو یەکسانییەی کە بەڵێنی دەدەن لە بواری سیاسی و یاسایی و یەکسانی نێوان ژن و پیاودا هیچ بنەمایەکی ماددی و ئابووری نییە. لە باشترین حاڵەتدا ئەم هێزانە دەیانەوێت بە پاراستنی مناسبات سەرمایەداری، ئیستبداد عیلمانی بخەنە جیگەی ئیستبدادی

دینی

لەم نێوەندەدا سۆسیالیزم تاکە ئەڵتەرناتیڤە کە دەتوانێت کۆتایی بە هەموو کێشە ئابوورییەکان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان بهێنێت و ئەو نادادپەروەری و هەڵاواردن و نایەکسانیانەی کە نیزامی سەرمایەداری بە سەر کۆمەڵگادا سەپاندویەتی بنبر بکات. بە پێچەوانەی پروپاگەندەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی، ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای بابەتیی و پراکتیکی و واقیعی دامەزراوە. چینی کرێکار کە باریگرانی سەرەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەسەر شانە بە ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی لەسەر گۆڕەپانەکە ئامادەیە، هەر ئەم خەلکە کریکار وزەحمەتکێشە کە بەشێکی سەرەکین لە ڕاپەڕین و بزووتنەوە سیاسییە جەماوەریەکان، و ئێستا لەسەر شەقام و لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا ئامادەن، پێویستە لە پیکهاتەیەکی شوراییدا دەسەڵات بگرنە دەست. ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی پشت بە هێزی هەزاران تێکۆشەر و کرێکاری سۆسیالیست دەبەستێت کە لە بزووتنەوەی کرێکاری، لە بزووتنەوەی ژنان، لە بزووتنەوەی خوێندکاری، لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لە بزووتنەوەی دژ بە سزای لە سێدارەدان، کە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێکخستنی مانگرتنە شکۆمەندەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و پێشخستنی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە کە پشت بە هێزی ئەو چەپە کۆمەڵایەتییە دەبەستێت کە مۆرکی خۆی لەسەر هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا داوە

کۆمەڵە لە کوردستان بە دژایەتی کردن لە گەڵ سیاسەتی حیزبە ناسیونالیستەکان کە لە ناوەندی دیالۆگدا ڕێکخراون، کە پشت بە دەستێوەردانی حکوومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل دەبەستن بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، و خۆیان بۆ حوکمڕانی حیزبەکانیان و بەپشت بەستن بە هێزی چەکداری خویان لە قۆناغی ڕاگوزەری دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکەن، زیاتر لە جاران فشار دەخاتە سەر پێویستیی سیاسیی یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری بۆ ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەلاتداریەتی شورایی خەلك لە کوردستان. بە پێچەوانەی ئەم حیزب و هێزانە کە پشت بە دەستێوەردانی زلهێزە سەرمایەدارییە دەرەکییەکان دەبەستن، ئێستا ئەڵقەیەکی سەرەکی لە خەباتی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، فراوانکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە دژی گرانی، هەژاری، بێکاری، کەمیی ئاو و بەرق، دژی سیاسەتی شەڕخوازانە، دژی سزای لە سێدارەدان و بۆ ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی

تەنیا بە فراوانکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و بە دروستکردنی ڕێکخراوی جەماوەری لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، بە دروستکردنی کۆمیتە و دامەزراوەی جەماوەری لە گوند و گەڕەکی شارەکان، بە دروستکردنی ڕێکخراوی ژنان لە گەڕەک و هتد، هەر بۆشاییەک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا کە لە ئەنجامی لاوازی حکومەتی ناوەندەوە هاتبێتە ئاراوە، دەتوانرێت پڕ بکرێتەوە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە جەماوەرییەکان کە لە دڵی جەماوەرەوە سەرهەڵدەدەن. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە دروستکردنی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە جەماوەرییانە دەتوانن ڕاستەوخۆ لە خوارەوە و بە پشتبەستن بەو دامەزراوانە دەست بەسەر ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بگرن

کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە ڕێکخستنی خۆیان لە شورا و کۆمیتە و دامودەزگاکانی دیکەی حوکمڕانی جەماوەریدا دەتوانن لە گەڵ هەرەس هینان ولیك بڵاوبوونی هیزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە قەبارەیەکی جەماوەری چەکدار بکرێن و بە هێزی چەکداری خۆیان سەروەری و دەستکەوتەکانیان بپارێزن

خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی شورا کان و دامەزراوەکانی دیکەی حوکمڕانی جەماوەری، دەتوانن پلانێک دابڕێژن بۆ ئەوەی دەستبەجێ وەڵامی پێداویستییە بەپەلە ئابوورییەکانی خەڵک بدەنەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەهامەتییە ئابوورییەکان، ڕاگەیاندنی ئازادییە سیاسییە بێ مەرجەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، یەکسانی تەواوەتی مافەکانی ژن و پیاو، و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە، بۆ کۆتایی هینان بەتەفرقەی نەتەوەیی و ئایینی، و ڕاگەیاندنی بەرنامەی دەسەلاتداریەتی شورایی خەلك بۆ بنبرکردنی ستەمی نەتەوەیی

شۆراکان و دامودەزگاکانی تری حوکمڕانی خەڵك لە کوردستان بە پشتبەستن بە ئامادەبوونی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا دەتوانن پێش بە ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنە چەکدارەکان بگرن و لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و بە شێوەیەکی مەدەنیانە جیاوازیەکان چارە سەر بکەن

بۆیە کۆمەڵە جارێکی دیکە داوا لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان، گەنجان، ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان، ریکخراوەکان و تێکۆشەرانی بواره جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر هان بدەن و لە دەوری بەدیلی دەسەلاتداریەتی شورای خەڵک لە کوردستان یەکبگرن

ئامادەبوونی خۆشەویست، لە بەشی کۆتایی قسەکانمدا، دەمەوێت جارێکی دیکە سەرنجتان بۆ هەڵوێستەکانی کۆمەڵە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕۆژاڤا ڕابکێشم

دوای لەشکرکێشی بەرفراوانی سەربازی دەوڵەتی ئیسلامی ئەحمەد ئەلشەرع، بە هاوکاری دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (هە سە دە) و ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، هەروەها ڕێککەوتنی ١٨ی ١ی ٢٠٢٦ کە لەژێر فشاری حکومەتی ئەمریکا و تورکیا بەسەر مەزلوم عەبدیدا سەپێنرا، نابێت گومانی تێدابێت کە دانپێدانانی مافەکانی کورد و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە سووریا بە پێی دەستووری دەوڵەتی ئیسلامی کە پرۆسەی دارشتنی لە لایەن ئەحمەد ئەلشەرعەوە بەڕێوە دەبرا، شتێکی بێمانا و بێ بنەمایە

لەسەر بنەمای ئەم "ڕێککەوتنە" نوێیە، سەرجەم ئەندامانی هێزەکانی سووریای دیموکرات "بە تاک" دەخرێنە ناو هەیکەلی وەزارەتی بەرگری سووریاوە، هەردوو پارێزگای دێرەزۆر و ڕەقە بە تەواوی دەگوازرێنەوە بۆ حکومەتی سوریا لە ڕووی ئیداری و سەربازییەوە، سەرجەم دامەزراوە مەدەنییەکانی پارێزگای حەسەکە دەخرێنە ناو دامەزراوەکانی حکومەتی سوریاوە، هەروەها سەرجەم کێڵگە نەوتییەکان دەگوازرێنەوە بۆ حکومەتی سوریا. جێبەجێکردنی ئەم "ڕێککەوتنە"، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ئەو برگانەی پەیوەستن بە تێکەڵکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە پێکهاتەی وەزارەتی بەرگری سوریا بە تاک و تێکەڵکردنی ئەو دامەزراوە جەماوەرییە بۆ ناو دامودەزگاکانی حکومەت، بە کردەوە بە واتای چەکداماڵینی ڕۆژاڤا و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرییەکانی ڕۆژاڤا و هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئەزموونە دێت

کۆمەڵە پێی وایە لە بارودۆخی ئێستا و بە سەرنجدان بەو مەترسیانەی کە حکومەتەکانی سوریا و تورکیا و ئەمریکا هەڕەشە لە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سوریا دەکەن، تەنیا بوونی گەلی ستەملێکراوی کوردستانی سوریا لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و بەدامەزراوەییکردنی دەستکەوتە دیموکراسیەکان تا ئێستا، و هەوڵدان بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان خەڵک لە سەرانسەری سوریا دەتوانن ئاسۆیەکی ڕوون بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بۆ کۆمەڵگا دابین بکەن. لەم هەلومەرجەدا، پێداگری لەسەر ئەو دەستکەوتانەی کە جەخت لەسەر یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکەنەوە لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، هەروەها مافەکانی ژنان لە نیو بنەماڵەدا، یەکسانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ڕەگەزیەکان لەبەردەم یاسادا، تێوەگلانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی شار و گوندەکان و ئازادییە سیاسییەکان و ڕەچاوکردنی ئەوان لە ڕووی کرداریەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاکێشانی هاوپشتی ئینسانە ئازادیخوازەکان وخەڵکی یەکسانیخواز لە سەرتاسەری سوریا لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازی گەلی کورد

کۆمەڵە وێڕای شەرمەزارکردنی دەستدرێژی سەربازیی حکومەتی سوریا و تورکیا بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و تاوانەکانیان بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، بە توندی پشتیوانی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی سوریا لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەی لێدەکەن دەکات. ئەزمونی ڕۆژاڤا جارێکی تر نیشانی دا کە نە ئەمریکا و نە هیچ دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستی پشتیوانی لە ئازادی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خەڵک ناکات و تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستنی هۆشیارانە بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوە دەتوانرێت ماشێنی شەڕ و داگیرکاریی دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری پاشەکشەی پی بکریت و ئاسۆی ڕزگاری بخرێتە بەردەم کۆمەڵگا. لەم هەلومەرجەدا، ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان و خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرانسەری جیهاندا لە ڕۆژاڤا دەتوانێت هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سوریا بگۆڕێت

جاریکی تر سپاستان دەکەم هەر بژین

❋❋❋

# بەیاننامەی شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران
## بۆ مەحکوومکردنی کوشتار، سەرکوتی خوێناوی و تاوانی ڕێکخراو
## دژی جەماوەری ناڕازی



خەڵکی ئێران، دوای دەیان ساڵ تەحەمولی هەژاری، هەڵاواردن، سەرکوت و نکۆڵیکردنی بەردەوام لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان، بۆ وەدەستهێنانەوەی مافی ژیان، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان

وەڵامی دەسەڵات، هەروەک پیشەی هەمیشەیی، دیسانەوە گولـلە، گرتن، ئەشکەنجە و کوشتار بووە. وەڵامێک کە ماهییەت و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم ڕژیمە سیاسییەی لە هەموو کات ڕووتتر و ئاشکراتر کردووەتەوە

ئەوەی لە ڕۆژان و هەفتەکانی ڕابردوودا لە ئێران ڕووی داوە، نە بەرپەرچدانەوەی ئەمنییەتی، نە کۆنترۆڵکردنی ئاڵۆزی و نە پاراستنی نەزمی گشتی، بەڵکوو سەرکوتێکی خوێناوی، ڕێکخراو و ئامانجدار دژی خەڵکی بێچەک بووە. دووپاتکردنەوەی سیناریۆ ڕیسوا و بێبنەماکانی "دوژمنی دەرەکی" و "بەکرێگیراوان"، ئیتر نە تەنیا ڕای گشتیی ئێران، بەڵکوو ویژدانی جیهانیش هەڵناخەڵەتێنێت. ئەم ڕەوایەتانە ساڵانێکە کاریگەریی خۆیان لەدەست داوە و تەنیا ئامرازێکن بۆ خۆدەربازکردن لە بەرپرسیارێتیی ئەم تاوانانە

لە یەکێک لە خوێناویترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، هەزاران کەس لە هاووڵاتییان، ژن، پیاو، منداڵ و تازەلاو کەوتوونەتە بەر پەلاماری توندوتیژییەک کە هیچ پاساوێک، تەنانەت لە چوارچێوەی یاساکانی خۆیشیاندا، هەڵناگرێت. گیانلەدەستدانی منداڵان و مێرمنداڵان، گرتنی بەرفراوان، بێسەروشوێنکردن و گوشارە دژەمرۆییەکان لە گرتووخانەکاندا، نیشانەی ئاشکرای ئیفلاسی سیاسی و ئەخلاقیی ئەم دەسەڵاتەیە

مامۆستایانی ئێران، وەک بەشێکی ئاگا و بەرپرسیاری کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆیان یەکێک لە قوربانیانی ڕاستەوخۆی ئەم سەرکوتە بوون. گرتن، هەڕەشە، دەرکردن و تەنانەت گیانبەختکردنی زیاتر لە ١٠ مامۆستا و دەیان خوێندکاری بێتاوان لە ڕەوتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا، بەڵگەی ئەوەن کە دەسەڵات، فێرکردن و وشیاری بە مەترسییەکی جیدی بۆ سەر درێژەدان بە مانەوەی خۆی دەزانێت

شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران، وێڕای دەربڕینی سەرەخۆشی و هاوخەمی قووڵ لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی گیانبەختکردووان و سەرجەم خەڵکی بەشمەینەتی ئێران، بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێت: ئێمە لە ڕیزەکانی جەماوەری ناڕازیدا وەستاوین و خۆمان بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی کۆمەڵگە بۆ ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دێموکراسی و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ دەزانین. بێدەنگی لە ئاست ئەم هەمووە توندوتیژییە، خیانەتە بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی و مەدەنیی ئێمە

لەو سۆنگەیەوە، شورای هاوئاهەنگی بە ڕوونی ڕادەگەیەنێت کە

١. دەسەڵات بەرپرسی ڕاستەوخۆی کوشتار و سەرکوتی خوێناوی خەڵکە و دەبێ لە جیاتی درۆ و چەواشەکاری، لە بەردەم ڕای گشتیی ئێران و ناوەندە سەربەخۆ نێودەوڵەتییەکاندا وەڵامدەر بێت

٢. سەرجەم گیراوان، لەوانە خوێندکاران، مامۆستایان و چالاکانی پیشەیی و مەدەنی، دەبێ دەستبەجێ و بەبێ هیچ مەرجێک ئازاد بکرێن

٣. بە سەربازگەکردنی قوتابخانەکان، زانکۆکان و ناوەندە فێرکارییەکان دەبێ دەستبەجێ ڕاگیرێت؛ ژینگەی فێرکاری، مەیدانی جەنگ نییە

٤. داوا لە هەموو ویژدانە بەئاگاکانی جیهان دەکەین کە هاوسۆزی و پشتیوانی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ئێران ڕابگەیەنن و لە ئاست ئەم وەحشیگەرییەی حکوومەتدا بێدەنگ نەبن

مێژوو فێری کردووین کە سەرکەوتن لە کۆتاییدا هەر بۆ هەقە و ئەوانەی ئەمڕۆ فەرمانی سەرکوت دەردەکەن، دەکەونە زبڵدانی مێژووەوە و بێگومان ناچارن وەڵامی تاوانەکانیان بدەنەوە

گرنگ ئەوەیە لە کام لای مێژوو دەوەستین؛ لای هەق و نەمری، یان لە بەرەی ستەمکاران و سەرکوتگەران

**شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران**

١٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٤

❋❋❋



# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

## ڕاپەڕینەکەی مانگی بەفرانبار، کۆمەڵکوژیی خەڵک و وانەکان

**ئاخر چۆن ئەم هەموو ئاواتە ساوا و ناسکانە**

**هێشتا نەپشکوتوون و نەکراونەتەوە،**

**هێشتا چاویان بە بەهار نەکەوتووە،**

**ئاوا بە بەرچاومەوە سیس دەبن و دەچنە باوەشی خاکەوە؟**

لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، ناڕەزایەتییەکی مەزن لەلایەن خەڵکی ڕەنجدەر و وەزاڵەهاتوو لە دەست زوڵم و چەوسانەوە سەری هەڵدا. ئەم ناڕەزایەتییانە بە خێرایی بوون




بە ڕاپەڕینێکی بەربڵاو و سەرانسەری. لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە ١٩٠ شاری گەورە و بچووک و هەروەها ژۆرێک لە ناوچە گوندنشینەکان ڕاپەڕین و بە تووڕەیی و نەفرەتەوە دژی دەسەڵاتی سیاسی و بەرپرسانی وڵات دروشمیان دا. جەماوەر ڕژانە سەر شەقامەکان، مەیدان و گوزەرە گشتییەکانی شاریان کردە گۆڕەپانی ناڕەزایەتیی خۆیان و بە یەک دەنگ سیاسەتەکانی دەسەڵات و ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد و خوازیاری گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دۆخی سیاسی و ئابووریی وڵات بوون

کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی چەوسێنەر و پشتیوانی چەوسێنەرانە، حکوومەتێکە کە هۆکار و پەرەپێدەری هەژاری و نەهامەتیی زۆرینەی خەڵکە، هۆکاری سەرەکی هەڵاوسانی بێسنوور و بەڕێوەبەری دەزگای سەرکوت و کوشتارێکە کە لانیکەم هەزاران کەسی هەر لەم مانگی بەفرانبارەدا خەڵتانی خوێن کرد و سەرکوت و ڕەشبگیرییەکان هێشتا هەر بەردەوامە. ڕژێمێکی ئاوا نە دەیهەوێت و نە دەتوانێت تەنانەت کەمترین پێداویستییەکانی ژیان بۆ کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی شار و گوند دابین بکات. خەڵکی ناڕازی داوای مافی سرووشتیی خۆیان دەکرد و گۆڕینی چارەنووسی خۆیان دەویست. چارەنووسێک کە لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا جگە لە هەژاری، نایەکسانی، هەڵاوردن، ستەم و سەرکوت و مەرگ شتێکی دیکە نەبووە. خەڵک دەزانن و دڵنیا بوونەتەوە کە هۆکاری سەرەکی و پشتیوانی ئەم هەموو تاوان و جەنایەت و تاڵان و چەوسانەوەیە، دەسەڵاتێکە کە هەموو شتێک دەکاتە قوربانیی مانەوەی خۆی. خەڵک مافی خۆیانە کە خوازیاری داماڵینی دەسەڵاتی حکوومەتێک بن کە خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئازادیی لێ کردوون بە ئاواتێکی دەستنەگەیشتوو. وەڵامی ڕژیم بۆ ئەم ناڕەزایەتییانە کە لەسەر بنەمای ویستی خەڵک هاتە ئاراوە، کۆمەڵکوژی، قەڵاچۆکردن، ڕشتنی خوێن و گوللەباران کردن بوو. خەڵکی ڕەنجدەر بە چاوی خۆیان بینەری کوشتار و جەنایەتێکی گەورە بوون و دیتیان کە خوێنی هەزاران ئازیز لەسەر سەنگرێژی شەقامەکان دەڕژایە سەر زەوی و چەندها بنەماڵە لە خەمی هەڵوەرینی ڕۆڵەکانیان و نووری چاوانیان داغدار و جەرگسووتاو بوون. دەبینین کە هەزاران کەس دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کراون و چاوەڕوانی ئەشکەنجە و مەرگن

ئێمە وەک ڕێکخراوە سەربەخۆکان، ئەم کۆمەڵکوژییە وەحشیانەیە و ئەم تاوانە ئاشکرا و بێسنوورە مەحکووم و شەرمەزار دەکەین. خۆمان بە بەرپرس دەزانین کە شەریکی خەمی ئەو بنەماڵە زامدارانە بین کە ئازیزانیان لەدەستداوە. خوازیاری چارەسەرکردنی بێمەرجی برینداران و زیانلێکەوتووان و ئازادکردنی بێ شەرت و مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، ناڕازییان و دەستبەسەرکراوانین. ئێمە دیتمان و هەموو مرۆڤە ئاگاه و خاوەن ویژدانە بێدارەکانی جیهانیش دیتیان و زیاتر لە جاران بۆیان دەرکەوت کە لێرەدا جەنایەتێکی گەورە بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئەنجام درا و گیانی مرۆڤەکان کرایە بارمتەی مانەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی گەندەڵ کە بە پشتبەستن بە هێزی سیاسی و سیستەمی سەرمایەداری، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و پێگەی چینایەتیی باڵای خۆیان لەسەرووی کوشتار و ئاگرتێبەردانی هەستی کۆمەڵگا و گیانی مرۆڤەکانەوە دەبینن

ڕاستییەکە ئەوەیە کە هێزی لەبننەهاتووی جەماوەری خەڵک، بەتایبەت هێزی کرێکاران کە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگا پێک دەهێنن، بەسەر هێزی ڕژیمدا زاڵ دەبێت؛ ڕژیمێک کە هێزەکەی بەردەوام و بە دڕندانەترین شێوە لە ماوەی نزیک بە پێنج دەیەدا بۆ سەرکوت و کوشتاری جەماوەری خەڵک و ناڕازییان و جیابیران بەکار هێناوە و دەیهێنێت. هێزی ڕژیم لە بەرانبەر هێزی جەماوەردا، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاگایانە و بە ئاسۆیەکی ڕوونەوە خۆیان ڕێک بخەن، هێزێکی پوشاڵییە و بێگومان زەوی لەژێر پێی خاوەن دەسەڵاتانی ئێستادا دەهەژێت. هەر ئێستا کەلێن و بۆشایی نێوان دەسەڵات و خەڵک فراوانتر و قووڵتر بووەتەوە. ئەم کەلێنە نە بە سەرکوت، نە بە ڕیفۆرم، نە بە مامەڵە و دیپلۆماسیی درۆ و ژێربەژێر و نە بە "شێخ و شا" و پاڵەوانە پوشاڵییە بەسەرچووەکان و نە بە چاو برین لە زلهێزەکان – کە خۆیان هۆکاری کوشتار و ئاگرتێبەردانی بەشێکی گەورەی جیهانن – ساڕێژ و پڕ نابێتەوە. بۆشاییەکە یەکجار قووڵە و هیچ موعجیزەیەک قەیرانەکانی دەسەڵات چارەسەر ناکات. گرێی کێشەکانی خەڵک و کرێکاران و زەحمەتکێشان تەنیا بە دەستی خۆیان دەکرێتەوە. تەنیا پاڵپشتی سەرەکی بۆ گۆڕینی چارەنووسی خەڵکی زەحمەتکێش و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا، هێزی بەکۆمەڵی ستەملێکراوان و بەشمەینەتانە کە هێزی کار و بیر و تێکۆشانی ئەوان بنەمای ئاوەدانی و خوڵقێنەری کۆمەڵگا و جیهانە

بەڵام گۆڕانکاریی بنەڕەتی کۆمەڵگا کە مەرجی یەکەمی بریتییە لە ڕووخاندنی دەسەڵاتە گەندەڵ و سەرکوتگەرەکان، بە ئاسانی و بەبێ هەبوونی ئامرازی خەبات و تەشکیلات و زانستی تێکۆشان بەدەست نایەت. کارێکی پڕ لە سەبر و تەحەمول و گرتنەبەری تاکتیک و شێوازی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی تایبەت و توانایی و هاوسەنگیی هێز و پشتبەستن بە لێشاوی مەزنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش پێویستە. پێویستمان بە ئامراز و میکانیزمی بەهێز و بەربڵاو هەیە تا جەماوەری لێکدابڕاو بەیەکەوە گرێ بدەن و ئەو چەرخەی کە لەسەر تەوەرەی ستەم و چەوسانەوە دەخولێتەوە، لە جووڵە بخەن

ئەم ئامرازانە شتێک نین جگە لە ڕێکخراوە سەربەخۆ و شۆڕشگێڕەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان! جەماوەری زەحمەتکێش و لە پلەی یەکەمدا کرێکاران دەبێ پشتیوان و هاوپەیمانی یەکتر بن، خەمی یەکێک خەمی هەمووان، تێکۆشانی یەکێک تێکۆشانی هەمووان و خۆشگوزەرانی یەکێک خۆشگوزەرانی هەمووان بێت. ئەمە وانەی مێژوو و ئەزموونی سەرجەم بزووتنەوە سەرکەوتووەکانە. ئێمەش دەبێ فێری بین و لە ژیان و خەباتی خۆماندا بەکاری بهێنین

**یەکگرتوو بین، ڕێکخراو بین و چارەنووسی خۆمان بگۆڕین.**

١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠٤

**سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری هەفتتەپە**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینکراوی خوزستان**

**گرووپی یەکێتیی خانەنشینان**

❊❊❊

## شێعر

### "عیشقی هەموان"

فرمێسک ڕازە
بزە ڕازە
فرمێسکەکەی ئەو شەوە بزەی عیشقم بوون.
چیرۆک نیم بمگێڕیەوە
گۆرانی نیم بملێیەوە
دەنگێکیش نیم کە بم بیستی
یان شتێکی وا کە بم بینی
یان شتێکی وا کە بم زانی
ئەمن ژانی هەموومانم
هاوارم کە!
درەخت لە گەڵ جەنگەڵ دەدوێ
سەوزەڵانی لە گەڵ سەحرا
ئەستێرە لە گەڵ کاکەشان
منیش لە گەڵ تۆمە دەدوێم.
ناوی خۆم پێ بڵێ
دەستت لە دەستم بئاڵێنە
قسەی خۆتم پێ بڵێ
دڵت لە دڵم وەربێنە
من ڕەنگەکانی تۆم ناسیوە
لە لێوی تۆ بۆ هەموو لێوەکان دواوم و
دەستەکانت لە گەڵ دەستی من ئاشنان
من لە چۆڵگەی ڕووناک لە گەڵ تۆ گریاوم
بۆ زیندەووان
و لە گۆڕستانی تاریک دەنگم تێکەڵ دەنگت کردوە
بۆ چریکەی جوانترین سروودەکان
چونکە مردوەکانی ئەمساڵ
لە نێو زیندوان لە هەموویان عاشقتر بوون
بێنە دەستت بدە بە من
دەستت لە گەڵ من ئاشنان
ئەی درەنگم لێ وەدی هاتووە!
لە گەڵ تۆمە کە وا دەدوێم
وەک هەور لە گەڵ تۆفان
وەک سەوزە لە گەڵ سەحرا
وەک باران لە گەڵ دەریا
وەک باڵدار کە لە گەڵ بەهار
وەک درەخت کە لە گەڵ جەنگەڵ
دەدوێ.
چونکە ئەمن
ڕەنگەکانی تۆم ناسیوە
چونکە دەنگم
لە گەڵ تۆ ئاشنایە.

" ن: شاملو"

" و: ن ئەیار"

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
۰۰۹٦٤۷۷۱۰۲۸٦۱۹۳
۰۰٤۳٦٦۰۱۱۹٥۹۰۷
۰۰٤٦۷۲۹۰۳۰٦۹٦
۰۰٤٥٦۰۹۱۱۷۸۲
۰۰٤٦۷۳۷۱٦۹۷٤٦